# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

٤٨٥

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٨٥ – ڕەشەممەی – فوریە ی ٢٠٢٦


## سەروتار

### بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە

کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان کە کۆمەڵەیان لە داوینی خۆیاندا پەروەردە کردووە لە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەنداندا بۆ جارێکی تر بیر لەو ئاوات و ئامانجانە دەکەنەوە کە لەماوەی ساڵیانی ڕابردوودا و بە ڕێبەری کۆمەڵە خەباتیان بۆ کردووە. باشترین ڕۆڵەکانیان لەڕێگای گەیشتن بەم ئامانجانە لەدەست داوە و بیر لە دوارۆژێک دەکەنەوە کە کۆمەڵە بە بەرنامە و ستراتیژی سیاسی خۆی، بە کردەوە و عەزمی پۆڵایینی شۆڕشگێڕانەی خستوویەتە بەرچاویان. بیر لەو پەیوەندە قووڵ و پتەوە دەکەنەوە کە لەگەڵ کۆمەڵە بەرقەراریان کردووە. ئەو بیرەوەرییانە هەڵدەدەنەوە کە لە ماوەی ساڵەها خەبات خستوویانەتە دڵیانەوە. ئەو بیرەوەرییانەی کە بۆیان ئازیز و بەڕێزە و نەتەنیا ژیانی ئەوڕۆیان بەڵکوو ژیانی سبەینێشیان ڕەنگ و بۆیانی گرتووە. بیر لە بەڵێن و پەیمانێک دەکەنەوە کە هەموو ساڵێ لە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵە تازەی دەکەنەوە. بەڵێن و پەیمانێک کە تا گەیشتن بە ئازادی و بەرابەری، تا بەرپاکردنی حکوومەتی کرێکاران و بەشمەینەتان، تا دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران هەموو جارێ و هەموو ڕۆژێ لەسەری پێداگری دەکەن. کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی سیاسی بە ئامانج، بەرنامە، ستراتیژی و ئارمانە کۆمۆنیستی و کرێکارییەکانی، کە ئەمڕۆ ئاوێتەی خەبات و هەستی ملیۆنان ئینسانی زەحمەتکێش بووە، ساڵیانی پڕ لە خەبات و خۆڕاگری و سەرسەختیی کەم وێنەی پشت سەر ناوە

کۆمەڵە لە پاییزی ساڵی ١٣٤٨ لە جەرگەی بارودۆخێکی تایبەتی کۆمەڵایەتیدا پێکهات. بارودۆخێک کە بە زاڵبوونی موناسباتی سەرمایەداری و ڕووخانی نیزامی فیۆدالی، ڕۆیشتنی زەحمەتکێشانی گوندەکان بەرەو شارەکانی ئێران و بە گەشەی چینی کرێکار لە ڕووی چەندایەتییەوە کە بێجگەلە فرۆشی هێزی کار هیچ ئامرازێکی تریان بۆ دابینکردنی ژیانیان نەبوو، پێناسە دەکرێت. گەشەی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە لە ڕووی چەندایەتییەوە و چڕبوونەوەی لە شارەکان، سیمای سیاسی کۆمەڵگای گۆڕی. کاریگەریی خستە سەر هەموو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و کێشمەکێشی تازەی لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدا پێکهێنا. کێشمەکێشی کرێکاران و سەرمایەداران لەسەر سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان، لەسەر



## کریکاران وخەڵکی راپەریو وچەوساوە بەیەکگرویی وریکخراوبون کۆماری ئیسلامی دەروخینن

### ووتاری هاوری محمد کەماڵی لە ریورەسمی رۆژی کۆمەڵە لە شاری کۆڵنی ئاڵمان



## کرێکارانی نارازیی دەستبەسەرکراوی عەسەلوویە دەبێ دەستبەجێ و بەبێ مەرج ئازاد بکرێن




## کۆمەڵکوژییەکەی مانگی بەفرانباری ١٤٠٤ خەڵکی ئێرانی تەسلیم نەکرد !

## ئەوپەڕی سەرشۆڕی و دووڕوویی خامنەیی بۆ سڕینەوەی کۆمەڵکوژییەکەی مانگی بەفرانبار لە زەینی کۆمەڵگا

چۆنیەتیی بەهرەمەندبوون لە ئیمکاناتی ژیانی شیاوی ئینسان، بوو بەشێک لەم واقعییەتە. ئەم کێشمەکێشە بەرین و کۆمەڵایەتییانە کە لە شار و گوندەکان لەئارادابوو، پێویستی بە وڵامی شۆڕشگێڕانە و خەباتێکی نوێ بوو. شانە سەرەتایەکانی کۆمەڵە و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕی ئەو سەردەم، کە لەئاست مەسائیلی کرێکاران و زەحمەتکێشان هەستیان بە هاودڵی و بەرپرسایەتی دەکرد، هەوڵیان دا تا وڵام بە بابەت و پێداویستییەکانی ئەو سەردەمە بدەنەوە. کەم نەبوون ئەو چالاکە کۆمۆنیستانەی کۆمەڵە کە کاروانی کرێکارانی کوردستانیان تا مەعدەنەکانی سمنان و دامغان، تا بارەندازەکانی بەندەرعەباس، تا ئەهواز و ئابادان، تا کرمان




و ڕەفسەنجان، تا تاران و ئیسفەهان هەمڕاهی دەکرد و شان بەشانیان کاریان دەکرد و لەناویاندا تۆوی وشیاریان دەچاند، ئەوانیان لەگەڵ دەرد و ڕەنج و نەهامەتییەکانی دنیای سەرمایەداری، و ڕزگاری لە ستەم و چەوسانەوە ئاشنا دەکرد، مانگرتن و خەباتیان سازمان دەدان و ڕێبەرییان دەکردن!

لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی ٥٧ کادر و هەڵسووڕاوانی ڕیزەکانی کۆمەڵە لە ناو زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازدا، بوون بە کەسایەتی ناسراو و پێشڕەو و جێگای متمانەی خەڵکی ڕاپەڕیو و بوون بە ڕێبەری خەباتی جەماوەری لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان. کۆمەڵە لە وڵام بەو پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کە لەسەرەتای شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ەوە هاتبوونە ئاراوە، یەکەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەیی خۆی لە پاییزی ساڵی ١٣٥٧دا بەڕێوەبرد. ئەگەرچی دیکتاتۆری ڕژیمی شا دەرفەتی تەداروکی سیاسی و تەشکیلاتی پێویستی بۆ وڵامدانەوە بە پرسەکانی ئەم قۆناغەی بە کۆمەڵە نەدابوو، بەڵام کۆمەڵە بە هەموو کەموکوڕی و خاڵە لاوازەکانییەوە لە کۆنگرەی یەکدا بڕیاری دا کە بە هەموو توانایەوە خەباتی جەماوەری لە کوردستان لەپێناو بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەرانسەری ئێران بەرەوپێش بەرێت. هەر لەو کاتەوە هەتا ئێستا کۆمەڵە ئەو ڕێکخراوەیە کە لەئاست پرس و کێشەکانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش، پێشێلکرانی ماف و ئازادییەکانیان، بێ مافی ژنان و تەحقیری هەموو ڕۆژییان، هەستیارە و بۆ بەهێزکردن و هیدایەتی خەباتیان بە هەستی بەرپرسایەتییەوە ڕەفتار دەکات. کۆمەڵە بە پێی توانای خۆی و ئامادەیی هێزی کۆمەڵایەتی حازر لە مەیدان، بێدەریغ لە ڕاستای پێشڕەویی خەباتی کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگە و لەپێناو پاراستنی هەموو دەستکەوت و بەرژەوەندییەکانیان خەباتی کردووە و بەمجۆرە پەیوەندی نێوان خۆی و جەماوەری زەحمەتکێشی قووڵتر و پتەوتر کردووە

کۆمەڵە دوای ٩ ساڵ و چەند مانگ چالاکیی نهێنی، بەدوای گیان بەختکردنی هاوڕێ "حەمە حسێن کەریمی" یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە کە لە گەرمەی ڕاپەڕین و خرۆشی خەڵکی ئێران دژبە ڕژیمی شا، لە پێشەوەی ڕیزەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو و شۆڕشگێڕی شاری سەقز، لە ڕۆژی ٢٣ی ڕێبەنداندا لە هێرش بۆسەر شارەوانی ئەم شارە کرایە ئامانجی بەکرێگیراوانی ڕژیمی شا و لە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەنداندا دڵی پڕ لە خۆشەویستی بۆ ڕزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشان لە لێدان کەوت، بەڕەسمی چالاکی ئاشکرای خۆی دەستپێکرد. ڕێبەران و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، کەسایەتی نەناسراو نەبوون. هەمان یارانی دێرینی ئەوان، خەباتکارانی خۆڕاگری زیندانەکانی ڕژیمی شا، چالاکان و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و جووتیاری، داکۆکیکارانی ڕاستەقینەی مافی ژنان، ڕێبەرانی جێگەی متمانەی جەماوەری بەرینی خەڵک و ڕێبەرانی خەباتی سەردەمی شۆڕش و ڕاپەڕینی ئەوان بوون!

کۆمەڵە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ٥٧ بە سازماندانی خەباتی گشتی و جەماوەری و بە ڕێبەریی بزووتنەوەی خۆڕاگری بەرانبەر بە هێرشی دژەشۆڕشی کۆماری ئیسلامی و هەروەها موقاوەمەتی سەرسەختانە لە بەرامبەر کۆنەپەرستانی مەحەلی، دیفاع لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەمدیدەی کۆمەڵگای کردە سەرلەوحەی چالاکییەکانی خۆی. ئەوەیکە لەدوای ڕاپەڕین چارەنووسی ئەم ڕێکخراوەی لەگەڵ چارەنووسی ملیۆنان ئینسانی ستەملێکراو و تینووی ئازادی گرێ دا، موقاوەمەتی کۆمەڵە لە بەرامبەر دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگ و دۆستانی ڕیاکار و درۆیینی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا بوو. دیفاع لە جووتیاران لە بەرامبەر مالکان، دیفاع لە زەحمەتکێشانی گوندەکان لە سەردەمی زەوتکرانی زەوییەکان، دیفاع لە ژنان لە بەرامبەر کۆنەپەرستی زاڵ و کلتوور و سوننەتی پرتووکاوی پیاوسالاری، دیفاع لە کرێکاران بەرانبەر بە سەرمایەداران، دیفاع لە چەکدارمانەوەی خەڵک و هەوڵ بۆ چەکدارکردنی زەحمەتکێشان، پێکهێنانی ئەنواعی ڕێکخراو و جەمعیەت و یەکیەتیی جووتیاران، شۆرای ژنان و خوێندکاران، و لە هەمان حاڵدا هەوڵ بۆ هێنانە مەیدانی بەرینی جەماوەری خەڵک بەرانبەر بە هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی کە سەرەنجام لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا لەشکرکێشی کردە سەر کوردستان. سازماندانی حەرەکەتی جەماوەریی گەورەی وەک کۆچی مێژوویی خەڵکی شاری مەریوان و سازماندانی باقی خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان کە هێمای دەخاڵەتدانی ڕاستەوخۆی خەڵک لە بواری خەباتی سیاسی بوون، بوو بەهۆی ئەوەیکە کۆمەڵە بتوانێ پاش هێرشی نیزامی ڕژیمی ئیسلامیش ئالاهەڵگری موقاوەمەتی جەماوەری و چەکداریی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە هێرشی هێزی داگیرکەر و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی بێت

دوای ئازادکردنی شارەکان لەلایەن خەڵک و هێزی پێشمەرگەوە کە ڕژیمی ناچارکرد ڕیاکارانە دەست بە موزاکرە بکا، لەحاڵێکدا کە حیزبی بورژوایی بە ئامانجی خامۆشکردنی خەبات، حازر بوو هەموو جۆرە موعامەلە و سازانێک بکات، لێبڕاوبوون و لێزانی کۆمەڵە لە دانوستان لەگەڵ ڕژیم لەپێناو پاراستنی بزووتنەوە و بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و پەرەپێدانی ئازادییە دیموکراتیکەکان، سازماندانی هەرچی بەرینتری چالاکی وشیاریدەرانە لە ماوەی دوو لەشکرکێشی ڕژیم بۆسەر کوردستان، بۆ جارێکی تر توانایی کۆمەڵەی لەبواری ڕێبەریکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و هێنانەمەیدانی چینی کرێکار بە باشی نیشان دا. لەماوەی ساڵانی دوای ڕاپەڕین، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردستان، گەلێک پرسی کۆمەڵایەتی و خەباتی هێناوەتە گۆڕێ و پەرەی پێداوە. کۆمەڵەش بەردەوام تێکۆشاوە کە لەئاستیاندا وڵامدەرەوە بێت. بەڕێوەبردنی ئەم خەباتە و پێشڕەوی لەم بوارانەدا بە قیمەتی فیداکاری و گیان بەختکردنی هەزاران کەس لە پێشڕەوترین و دڵسۆزترین شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیست مەیسەر بووە

کۆمەڵە بە بەشداریی چالاکانە لە پرۆسەی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە زەمینە فکری و سیاسی و بەرنامەییەکانی لە کۆنگرەی دووی کۆمەڵە لە بەهاری ١٣٦٠ و کۆنگرەی یەکەمی سازمانی ئیتحادی موبارزانی کۆمۆنیستەوە فەراهەم ببوو، بۆ وڵامدانەوە بە زەروورەتێکی سیاسی گرینگ لە یەکێک لە هەستیارترین ساتەکانی ژیانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران ڕۆڵی بەرچاوی خۆی بینی. کۆمەڵە لە بارودۆخێکدا کە شۆڕشی ئێران لەژێر زەربەی حکومەتی دژەشۆڕشی ئیسلامیدا دوایین هەناسەکانی دەدا، دەست لەناو دەستی بەشی ڕادیکاڵی کۆمۆنیستەکانی ئێران لە مانگی خەرمانانی ١٣٦٢ ئاڵای دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی بەرزکردەوە

بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە وەک بەشێکی جیانەکراوە ، لە هێندێک قۆناغدا بەرەوڕووی کێشمەکێشی توندی ناوخۆیی بووەتەوە کە هەموو جارێ جیابوونەوە و ئینشعابی لێ کەوتووەتەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو زیان و زەرەرانەی کە ئینشعابەکان لە پاش خۆیان بەجێیان هێشتووە، کۆمەڵە بە خۆڕاگری و پایەدارییەوە بۆ دیفاع لە باوەڕە کۆمۆنیستییەکانی لەژێر باری ئاکامەکانی ئینشعابدا پشتی ڕاست کردووەتەوە و بە دیفاعی پەیگیر لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بە پێداگری لەسەر بنەماکانی ستراتیژی سۆسیالیستی و دەورونەخشی ڕێبەری لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان نەیهێشتووە کە پایەی کۆمەڵایەتیی لەناو کۆمەڵگەدا زەربەی جیددی بەربکەوێ

ئەمڕۆ بەرهەمی زیاتر لە چوار دەیە چالاکی ئاشکرای کۆمەڵە، بەرهەمی هەڵسووڕانی هاوبەشی کۆمەڵە و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەتوانین لە ئاستی وشیاری و توانایی، کارایی و نفووزی کۆمەڵایەتی ئەم جەریانەدا ببینین. بەرهەمی ئەو هەمووە ساڵە کار و هەوڵ لە بەهێزی ڕیزەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی، لە گەشە و نفووز و ئیعتباری کۆمەڵایەتی

کۆمۆنیسم، لە نفووزی بیر و سوننەتی کۆمۆنیستی لەناو کرێکارانی کوردستان، لە ئاشنایی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی خەباتکار بە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان و بە ئارمانی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کریکاری خۆی نیشان داوە

کۆمەڵە وەک ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە هەموو ماوەی خەباتیدا بەردەوام لەسەر گرینگی یەکگرتن و هاوپشتی سیاسی و چینایەتی کرێکاران لە سەراسەری ئێران تەئکیدی کردووە. کرێکاران لە کوردستان بەهۆی هەر ئەم




هەڵوێستە ستراتێژیکە سۆسیالیستییەیە کە ئەمڕۆ لە خەبات بۆ وەدیهاتنی ماف و داخوازییە پێشێلکراوەکانیان لە خەبات دژی ستەم و دیکتاتۆریی ڕژیمی ئیسلامی سەرمایە لە ئێران، خۆیان هاوڕێ و هاوسەنگەری کرێکارانی نەیشەکەری هەفت تەپە، فوولادی ئەهواز، ئێران خودرەو، کرێکارانی نەوت و پێترۆشیمییەکان، هێپکۆ و ئازەرابی ئەراک، مامۆستایان و خانەنشینان و باقی بەشەکانی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران دەبینن. لە جەرەیانی ئاخێزی مانگی خەزەڵوەری ٩٨، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا ئاخیزە جەماوەرییەکانی بەفرانباری ئەمسال خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان لەئاستی کۆمەڵایەتیدا نیشانیان دا کە بۆ ڕزگاری لە چنگ کۆماری ئیسلامی ڕێگایەکیان بێجگەلە هاوپشتی لەگەڵ بێبەشانی شار لە شوێنەکانی تری ئێران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرانسەری بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەپێش نییە. ئەم گۆڕانکارییانە نیشانی دەدات کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە کوردستان کە بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوە، بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لەئاستی سەراسەریدا خاوەنی چ پێگەیەکە. ئەم پەیوەندە خەباتکارانەیە یەکێک لە ڕەمزەکانی پێشڕەوی و سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانە

ئەم دۆخە ئەو ئیمکانە بە کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی دەدات کە زیاتر لە جاران پشت بە بنکە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی ببەستێت. واتە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان قووڵتر بکاتەوە. تۆڕەکانی ڕێکخراوی خۆی لە ناویاندا پەرەپێبدات. بەپێی نفووز و ئێعتباری کۆمەڵایەتییەک کە هەیەتی تەشکیلاتی حیزبی خۆی گەشە پێبدات. هەموو زەرفییەتەکانی خۆی بۆ هێنانە مەیدان و سازماندانی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە وەکار بخات بەجۆرێک کە لە هەر هاوسەنگییەکی هێزدا بتوانێ وەحدەت و یەکپارچەیی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە بپارێزێ. کۆمەڵە بە هەر ڕادەیەک کە بتوانێ چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش و ژنانی ستەمدیدەی کوردستان بێنێتە مەیدانی خەباتی سیاسییەوە، بزووتنەوەی سۆسیالیستی دەخاتە پێگەیەکی باشترەوە بۆ بەکردەوەدەرهێنانی ڕێگاچارەی سۆسیالیستی لەپێناو نەمانی ستەمی نەتەوەیی، وەدیهێنانی مافی خەڵکی دانیشتووی کوردستان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، وەدیهێنانی ئازادییەکانیان تا ئاستی جیابوونەوەی یەکجاری و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ

کۆمەڵە بە پشت بەستنی بە پێگەی کۆمەڵایەتیی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە کوردستان دەتوانێ ڕۆڵێکی چارەنووسسازی بێت لە وەڕێخستنی بزووتنەوەی شۆرایی لە کوردستان. پێویستە ئیدەی ڕێکخراو و دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان ببردرێتە ناو هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکەوە. پێویستە بۆ بەرپاکردنی شۆراکان لە هەر کارخانە و ناوەندێکی بەرهەمهێنان، لە هەر گەڕەک، شار و شارۆچکە و گوندێک لە کوردستان تێبکۆشین. ئەگەر لەو باوەڕەداین کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە کوردستان بە بەرینایی کۆمەڵگا بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو و موتەحەزیبە، ئەم زەرفییەت و ڕێکخراوبوونە پێویستە لە هەنگاوی قورس و قایم بۆ وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی شۆرایی لە کوردستان خۆی نیشان بدات. وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی شۆرایی یەکێکی تر لە ڕەمزەکانی سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانە. بەبێ وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی شۆرایی بەهێز، ئەو نیگەرانییە لەئارادایە کە جەماوەری ستەملێکراوی کوردستان لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا بۆ جارێکی تر بخرێنە پەراوێزەوە و دوای چەند دەیە خەبات ئیمکانی ئەوە پەیدا نەکەن کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە دەسەڵات و ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا دەورونەخشیان بێت. وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی شۆرایی و دەسەڵاتی شۆرایی لە کوردستان لە پەیوەند و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری دەتوانێ لەئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پشتیوانی ڕەوتە سۆسیالیستەکان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ڕووی ستراتێژییەوە قووڵتر بکاتەوە

ڕەمزی خۆشەویستی و بەرزڕاگرتنی ٢٦ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵە لەلایەن کرێکارن و جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان لەوەدایە کە کۆمەڵە لە پێشیانەوە، لە سەنگەری ئازادییاندا، لە دیفاعی بێ ئەمان لە بەرژەوەندیان و بە بێ ڕارایی لەگەڵ دوژمنانی چینایەتییان ئەم ڕێگایە تا کۆتایی و تا گەیشتن بە دواڕۆژی سەرکەوتن بە سەربەرزییەوە درێژە پێدەدات. ڕۆژی کۆمەڵە ڕۆژی نوێکردنەوەی عەهد و پەیمانە بۆ درێژەدانی ئەم ڕێگایە

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## کرێکارانی ناڕازیی دەستبەسەرکراوی عەسەلوویە دەبێ دەستبەجێ و بەبێ مەرج ئازاد بکرێن

لە کاتێکدا کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕەهەندگەلێکی تازە لە کوشتار و خەڵتانی خوێنکردنی ناڕازییان لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباردا ئاشکرا دەبێت -ئەو ناڕازییانەی کە بۆ "نان و ئازادی" شەقامەکانیان کردبووە سەنگەری خەبات-، هەواڵی دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵی کرێکارانی ناڕازیی عەسەلوویە دەری دەخات کە ماشێنی سەرکوت و کوشتاری ئەم ڕژیمە تاوانبارە بۆ ساتێکیش لە جووڵە ناوەستێت

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە ناوچەکانی عەسەلوویە، کەنگان، دەیر، لامێرد و پارسیانەوە بڵاو کراونەتەوە، دەیان کرێکاری پڕۆژەکانی سەر بە دامەزراوەی "عومرانی ساحیل" (لە ژێرمەجموعەکانی قەرارگای خاتەمولئەنبیای سپای پاسداران)، دوای بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی دەستبەسەر کراون و لە سۆلەکانی سەر بەم قەرارگایەدا ڕاگیراون. ئەم کرێکارانە کە زۆربەیان بە گرێبەستی کاتی، پەیمانی و بەبێ هیچ چەشنە ئەمنییەتێکی پیشەیی کار دەکەن، لە نارەزایەتی بە پێنەدانی مووچە و حەقدەستەکانیان، دۆخی سەخت و نامرۆڤانەی کارکردن و هەروەها نالەباربوونی دۆخی بژێوی، دەستیان داوەتە نارەزایەتی

بەپێی ڕاپۆرتەکان، کرێکارانی ناڕازی دوای ئەم کۆبوونەوەیە، لە حاڵی هەماهەنگی و ئامادەکاری بۆ ڕێکخستنی مانگرتنێکی بەرفراوان و سەرتاسەریدا بوون؛ مانگرتنێک کە ئامانجەکەی ملکەچکردنی خاوەنکار و ناوەندە بەرپرسەکان بوو بۆ وەڵامدانەوە بە داخوازییە سەرەتایی و ڕەواکانیان. بەڵام پێش ئەوەی ئەم مانگرتنە ڕێکخراوە شکڵ بگرێت، هێزە سەرکوتگەرەکانی سپای پاسداران بە توندوتیژییەوە هاتنە مەیدان و بە دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵی کرێکاران، ئەوانیان بۆ سۆلەکانی سەر بە قەرارگای خاتەمولئەنبیا گواستەوە. بەگوێرەی بەڵگەکان، ئەم سۆڵانە لە کەمترین ئیمکاناتی ژیان بێبەرین و بنەماڵەکانیش لە مافی چاوپێکەوتن و ئاگاداربوون لە چارەنووسی ئازیزانیان بێبەش کراون

هۆکاری ڕاستەقینەی دەستبەسەرکردنی ئەم کرێکارانە، هەوڵدان بووە بۆ بەرگریکردن لە نان، کەرامەت و مافی ڕێکخراوبوون و مانگرتن. لە هەلومەرجێکدا کە قەیرانی ئابووری، هەڵاوسانی بێسنوور و پێنەدانی حەقدەستەکان ژیانی میلیۆنان کرێکاری گەیاندووەتە لێواری هەرەس و داڕمان، دەسەڵاتی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی، ڕێگای سەرکوت و تۆڵەسەندنەوەی هەڵبژاردووە

قەرارگای خاتەمولئەنبیا، وەک باڵی ئابووریی سپای پاسداران و یەکێک لە گەورەترین بنکە ئابووری-ئەمنییەتییەکانی وڵات، کە خۆی بەهۆی بەشداری ڕاستەوخۆ لە سەرکوت و گەندەڵیی

سیستەماتیکدا لەژێر گەمارۆ و تەحریمدایە، سالآنێکە لە هێزی کاری هەرزان، گرێبەستە پەیمانییەکان و نەبوونی مافە پیشەییەکانی کرێکاران قازانج دەبات. ئەمڕۆش هەر ئەم ناوەندە، بۆ داپۆشینی ناکارامەیی و دەرهاوێشتەی گەمارۆکان و بنبەستی پڕۆژەکانی کۆماری ئیسلامی، کرێکارانی ناڕازی کردووەتە ئامانجی سەرکوتێکی وەحشیانە

بەڵام ڕژیمی ئیسلامی سەرباری کوشتاری سامناکی ناڕازییان و درێژەدان بەم سەرکوتگەرییانە، نەیتوانیوە ترس بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بکات. بنەماڵەی ناڕازییە گیانبەختکردووەکان، ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و یادکردنەوەی ئازیزانی خۆیان کردووەتە مەیدانی دادخوازی و تووڕەیی و نارەزایەتی دژی ئەم ڕژیمە جەنایەتکارە. خوێندکاران بە برپا کردنی کۆبوونەوەی نارەزایەتی وێڕای بەرزڕاگرتنی یادی خوێندکارانی گیانبەختکردوو، تاوانە دژە مرۆییەکان و دڕندەیی حکوومەتی ئیسلامییان مەحکووم کردووە و خوازیاری ئازادی دەستبەسەرکراوانن و جەخت لەسەر درێژەدان بە خەبات دەکەنەوە. کرێکاران و خانەنشینان بەشێوەی بەردەوام درێژە بە نارەزایەتییەکانیان دەدەن

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەستبەسەرکردنی کرێکارانی ناڕازی عەسەلوویە لەژێر سێبەری هەڕەشەکانی شەڕدا، بە بەشێک لە شەڕی چینایەتیی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران دژی چینی کرێکار دەزانێت و ڕادەگەیەنێت کە: سەرکوت، دەستبەسەرکردن و زیندانیکردنی کرێکاران و ئەو دەرە خوێناوییەی کە لەنێوان خەڵک و کرێکارانی ناڕازی لەگەڵ پێکهاتەی سیاسی و چینایەتیی دەسەڵاتدا بوونی هەیە، نەک هەر ئەم ڕژیمە لە بنبەست ڕزگار ناکات، بەڵکوو تووڕەیی و نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان قووڵتر و بەرفراوانتر دەکاتەوە. ئەزموون دەریخستووە کە هیچ هێزێکی سەرکوتگەر توانای کپکردنی خەباتی وشیارانە و یەکگرتووانەی کرێکارانی نییە

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئەم سەرکوتگەرییانە، لە ڕێکخراوە و ناوەندە کرێکارییەکان و بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی کرێکاری داوا دەکات بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەگونجێت پشتیوانی و هاوخەباتی خۆیان لەگەڵ کرێکارانی دەستبەسەرکراوی عەسەلوویە و بنەماڵەکانیان ڕابگەیەنن و خوازیاری ئازادیی دەستبەجێ و بێمەرجی هاوچینەکانیان و دەستەبەربوونی داخوازییەکانیان بن

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٢٠ی ڕێبەندانی ١٤٠٤

٩ی فێوریەی ٢٠٢٦

***

## ڕاگەیەندراوی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

# کۆمەڵکوژییەکەی مانگی بەفرانباری ١٤٠٤، خەڵکی ئێرانی تەسلیم نەکرد!

زیاتر لە مانگێک بەسەر سەرکوتکردنی خوێناوی و بێوێنەی ڕاپەڕینەکەی بەفرانباردا تێدەپەڕێت. ڕژیمی ئیسلامی هەزاران کەسی لەسەر شەقامەکان دایە بەر ڕێژنەی گوللە و دەیان هەزار کەسی دەسبەسەر کردووە کە ئێستا بۆ وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ لەژێر توندترین ئەشکەنجەکاندان. خەڵک ماتەمبارن، بەڵام لە شۆکی سەرەتایی هاتوونەتە دەر. تەنانەت گەورەترین کوشتاری مێژووی هاوچەرخی ئێرانیش نەیتوانی ترس بخاتە دڵی جەماوەرەوە تا دەست لە خەبات دژی تاڵانکردنی سفرەکانیان و بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هەڵگرن. شەپۆلی دەستبەسەرکردنەکان لە سەرتاسەری ئێراندا نەپچڕاوە و دەستبەسەرکراوان تەنانەت بەبێ بەڕێوەچوونی بێدادگا چەند خولەکییە ئیسلامییەکانیش، بە نهێنی تیرۆر دەکرێن. دەستبەسەرکردن و هەڕەشە لە پزیشکان و پەرستاران بە تاوانی چارەسەرکردنی ئەو بریندارانەی کە نەیانتوانیوە ڕوو لە ناوەندە دەرمانییەکان بکەن، هەروەها بەردەوامە

ڕژیمی ئیسلامی لەناو قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، لەناو گەندەڵیی سیستماتیک، مایەپووچبوونی بانکەکان، گەمارۆکان و مەترسیی جەنگدا نوقم بووە. ئەم قەیرانانە و لە هەمووان گرنگتر دژایەتیی چارەهەڵنەگری نێوان خەڵک و دەسەڵات، ئەوەندە بەرینن کە هەر هەنگاوێکی ڕژیم بۆ چارەسەر یان کەمکردنەوەی هەرکام لە قەیرانەکان، درز و کەلێنی دیکەی لێدەکەوێتەوە. بۆ ڕژیمی ئیسلامی پێشبینیکراو بوو کە دەستبردنی بۆ سفرەی دەیان ملیۆن کرێکار و زەحمەتکێش، بەرەوڕووی بەرخۆدانی بەربڵاوی جەماوەر دەبێتەوە. دامودەزگا سەرکوتگەرەکان لە پێشترەوە بۆ کوشتاری خەڵک ئامادە کرابوون. ناوەندە ئەمنییەکان بۆ پاساو هێنانەوە بۆ سەرکوتە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکەیان، پێشوەختە هۆکاری نارەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵکیان دەخستە ئەستۆی ئیسرائیل. ڕەزا پەهلەوی بۆ ڕفاندنی ڕاپەڕینێک کە ئامانجە دژە هەژارییەکەی لە دژی سیستەمی ئابووریی هەموو ئاڵتەرناتیڤە سەلتەنەتی و کۆمارییە لیبڕالەکانە، هاتە ناو مەیدانەکە و بانگەوازی دا تا لە یازدەهەمین و دوازدەهەمین ڕۆژی ڕاپەڕینەکەدا (پێنجشەممە و هەینی ١٨ و ١٩ی بەفرانبار)، خەڵک بەشێوەی سەرتاسەری بێنە سەر شەقام، لەوێ بمێننەوە و ناوەندەکانی دەسەڵات کۆنترۆڵ بکەن. لە تەکمیلی ئەم بانگەوازەدا، ترامپ-یش هەڕەشەی لە سەرانی ڕژیم کرد کە نابێ خەڵک سەرکوت بکەن و بەڵێنی بە خەڵک دا کە "یارمەتی بەڕێوەیە". ترامپ و ڕەزا پەهلەوی کەوتنە هەمان داوەوە کە سپای پاسداران بۆی دانابوون. ئاڕاستەی بکوژانی ڕژیم بەرەو شەقامەکان کرایەوە و لەژێر ناوی درێژەی جەنگی دوازدە ڕۆژە و بەرەوڕووبوونەوەی بەکرێگیراوانی ئیسرائیل، هەزاران کەسیان کوشت. ئەگەرچی ڕەزا پەهلەوی، ترامپ، نەتانیاهوو و پۆمپێئۆ (کە بانگەشەی دەکرد بەکرێگیراوانی مۆساد لە خۆپیشاندانەکاندا چالاکن)، ڕۆڵێکی تێکدەرانەیان لە ڕاپەڕینی دژە هەژاریی خەڵکی ئێراندا گێڕا، بەڵام بەرپرسیارێتیی کوشتاری خەڵک لە مانگی بەفرانباردا، سەرلەبەری لە ئەستۆی ڕژیمی ئیسلامییە

ڕژیمی ئیسلامی بەتەمایە درێژە بە ئازادکردنی نرخەکان و لابردنی یارانەکان بدات، کە ڕێگەچارەیەکی جیهانیی ئابووریی نیۆلیبڕالییە. سەرباری ئەوەش، بڕیاردەرانی ڕژیم وایان دەزانی کە بەم کوشتارە بەرینە -کە دەچێتە ڕیزی کوشتارەکانی دەیەی شەست- دوژمنی ناوخۆیی خۆیان پاشەکشە پێ دەکەن، تا لە کاتی بەڕێوەبردنی گرژییەکان یان شەڕ لەگەڵ ئەمریکا، چیتر نیگەرانی دوژمنە سەرەکییەکەیان لە ناوخۆدا نەبن. بە پێچەوانەی خەیاڵی خاوی دەسەڵاتداران، مرۆڤکوژییە بەربڵاوەکەی بەفرانبار، خەڵکی ئێرانی لە خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕژیم پێداگرتر کردووە. خەڵکی ئێران نەترساون و خەبات بۆ ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتە بە تووڕەیی و ڕقێکی زۆر زیاتر و بە هوشیارییەکی قووڵتر لەئاست پیلانی نگریسی دەزگا هەواڵگرییەکان دژی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی، بەردەوامە

مەحکوومکردنی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن کۆڕ و کۆمەڵە خوێندکارییەکان، ڕێکخراوە کرێکارییەکان، ژنان، مامۆستایان و خانەنشینان و تەنانەت لەنێو زیندانەکانەوە و درێژەدان بە کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە"، هاوخەمیی بەربڵاو لەگەڵ بنەماڵە جەرگ سووتاوەکان و بەهێزکردن و پەرەسەندنی بزووتنەوەی دادخوازی، نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە گرتن، ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی زیندانیان، چارەسەرکردنی بریندارەکان لە دەرەوەی ناوەندە فەرمییەکان سەرەڕای هەڕەشە و دەستبەسەرکردنی پزیشکان و پەرستاران، یارمەتیدانی ئەو بنەماڵانەی کە نانهێنەری خۆیان لەدەست داوە، بڕوانەکردن بە شانۆی دانپێدانانی زۆرەملێ، درێژەی لێکۆڵینەوەکان بۆ گەیشتن بە ئاماری ئەو خەڵکەی لەلایەن بکوژانی ڕژیمەوە لە شەقامەکاندا گیانیان لێ سەندراوە، ئاشکراکردنی چیرۆکسازییەکان سەبارەت بە هۆکارەکانی کوشتاری خەڵک، چالاکی بۆ وەڵامدەرکردن و دادگاییکردنی هەموو فەرماندەران و ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە بێوێنەیەی بەفرانبار؛ ئەمانە کۆمەڵێک لەو چالاکی و هەنگاوانەن کە ڕۆژانە دژی کوشتارەکەی بەفرانبار لە ئارادان

کوشتارەکانی دەیەی شەست بۆ سەقامگیرکردنی پایەکانی دەسەڵاتێکی نوێ بوو، بەڵام کوشتاری بەفرانبار بۆ درێژەدان بە ژیانی ڕژیمێکە کە سەرتاپای تاوان، گەندەڵی و دژەژنە و هەژارییەکی گشتیی بەسەر دەیان ملیۆن کرێکار و زەحمەتکێشدا سەپاندووە. بەم مرۆڤکوژییە بەربڵاوە کە بەشێکی زۆریان خوێندکار بوون، خەڵکی ئێران تەسلیم نەبوون. کەڵەکەبوونی هەموو قەیرانە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ژینگەییەکان، شۆڕش دژی ڕژیمی ئیسلامیی کردۆتە تاکە ڕێگا بۆ کۆتایی هێنان بەم قەیرانانە. دەستبردنی بەربڵاوتر بۆ سفری بەتاڵی دەیان ملیۆن کرێکار بەڕێوەیە. تەنیا یەکگرتوویی و ڕێکخراوبوونی کرێکاران و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندکاری، ژنان، مامۆستایان و خانەنشینان دەتوانێت بزووتنەوەی "نان و ئازادی" بەهێز بکات و ڕێگری لە تاڵانکردنی ژیانی کرێکاران بکات. شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، هێزی پایدار و پێداگرە بۆ شکڵدان بە جووڵەی بەربڵاوی بزووتنەوەی کرێکاری و هاوپەیمانەکانی لەپێناو شۆڕش و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی

**ئازادیی دەستبەجێ و بێ مەرجی سەرجەم زیندانیانی سیاسی**

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

٢٤ی ڕێبەندانی ١٤٠٤ - ١٣ی فێوریەی ٢٠٢٦

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری - حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کارگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت

***

# کریکاران وخەڵکی راپەریو وچەوساوە بەیەکگرویی وریکخراوبون کۆماری ئیسلامی دەروخینن

## ووتاری هاوری محمد کەماڵی لە ریورەسمی رۆژی کۆمەڵە لە شاری کۆڵنی ئاڵمان

میوانە بەڕێزەکان!

بەشداربووانی ئازیزی ڕێو ڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە! نوێنەرانی سازمان و ڕێکخراوە سیاسیەکان و هاوڕێیان. لە لایەن هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و حیزبی کمونیستی ئێران و هەر وەها هەموو ریزەکانی کۆمەڵە پڕ بە دڵ بەخێر هاتنتان ئەکەم و زۆر سپاستان ئەکەم بۆ بەشداریتان لە ڕێو ڕەسمی ئەمڕۆی ئێمەدا

ڕۆژی کۆمەڵە ڕۆژی ڕێز گرتن لە یادی هاوڕی حەمەحسەینی کەریمی لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە و هەموو ئەو هاوڕییانەیە کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵە و حیزبی کمونیستی ئێراندا و لە زیندانەکانی جمهوری ئیسلامی و لە ڕێگای بە دەست هینانی ئازادی و سوسیالیزمدا گیانیان بەخت کرد. لەم ڕۆژەدا جارێکیتر سڵاو و ڕێزی بێ پایانی خۆمان پێشکەش بە بنە ماڵە خۆ ڕاگرو سەربەرزەکانیان ئەکەین کە بەڕاوەستان لە بەرانبەر خەمی لە دەست دانی ئازیزانیاندا هیوا و ئومید بۆ درێژدان بە ڕێگای ئەو هاوڕێیانەمانیان بە ئێمە بەخشی. هەر وەها ڕێز و سڵاوی خۆمان پێشکەش بە گیان بەخت کردوانی خەباتە جەماوەریەکان لە ئێران و کوردستان، بە تایبەت ئەو هەزاران گیانبەخت کردوەی کە ئەم ڕۆژانە، دلێرانە بەرانبەر بە دوژمنی ئینسانیەت ڕاوەستان و بە دەستی جەنایەتکارانی دوژمنی بەشەریەت، گیانیان فیدا کرد ولە بەرانبەر بنە ماڵە سەربەرزەکانیاندا سەری ڕیزو خۆشەویستی دادەنوێنین و ئاواتە خوازی چاک بوونەوەی هەرچی زووتری بریندارەکانیانین. ڕۆژی کۆمەڵە ڕۆژی ژنانی چەوساوە، کرێکاران لە بەشەجۆراوجۆرەکانی بەرهەم هێنان، کۆڵبەران ئەو ئینسانانەیە کە بۆ تەمینی ژیانی ڕۆژانەیان هەموو مەترسیەکانی ژیان لە گەرمای هاوین و سەرماو بەستەڵەکی زستاندا بە گیان تەحەمول دەکەن. رۆژی خوێندکاران و مامۆستایانی خەباتکار و هەموو ئەو ئینسانە ئازادیخوازانەیە کە لە سەنگەرەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگیدا بۆ گەشە پێدانی جەرەیانی ڕادیکاڵ و سوسیالیستی تێدەکۆشن

کریکاران وخەڵکی راپەریو وچەوساوە بەیەکگرویی وریکخراوبون کۆماری ئیسلامی دەروخینن

بەڕێزان!

موناسەبەتی ڕۆژی کۆمەڵە بۆ ئێمە دەرفەتێکە بۆ پێدا چونەوەیەکی کورت بە سەر بارودۆخێکی سیاسی کە خەباتی ئێمە تییدا بەڕێوە دەچێت و کۆمەڵگای ئێمە تێدا بە سەر دەبات. بۆیە بە پێویستی ئەزانم کە سەرەتا ئاوڕیکی کورت لە سەر بارو دوخێکی کە ئەمڕۆ لە سەتحی دونیا و بە تایبەت ئەم ناوچەیە دەگوزەرێ بدەمەوە کە ڕەنگدانەوەی لە سەر ژیان و داهاتووی موبارزەی ئێمەش وەک کۆمەڵە داناوە و دایدەنێ

کوشتاری بە کۆمەڵ و قەتڵ و عامی خەڵکی فەلەستین کە بە هاندان و نەخشەی لە پێشدا داڕێژاوی جمهوری ئیسلامی، جەرەیانی کۆنە پەرستی حەماس رۆژی ٧ی ئوکتوبری ساڵی٢٠٢٣ هێرشیان کردە سەر چەند شارۆچکەی ئیسڕائیل، ئەویش لە هەل و مەرجێکدا کە نتانیاهو خۆی چەندین مانگ بوو بە هۆی گەندەڵی ماڵی لە گەڵ ئیعترازاتی بەرین لەو وڵاتە بەرەو روو بوو و کابینە دەستی ڕاستی و فاشیستەکەی لە ڕوخان نزیک دەبووەوە، ئەم حەرەکەتە بوو بە نیعمەتێک بۆی و جارێکیتر زیندووی کردەوە. هەر لەم بارو دۆخەدا لە ئامریکاحکومەتێکی نئو فاشیست و ڕەگەز پەرست بە



سەر کردایەتی ترامپ بۆ جارێکیتر هاتەوە سەر کار. نزیک بە سێ ساڵ هێرشی دڕندانەی ئیسڕائیل بۆ سەر کەرتی غزە بە پاڵپشتی مالێ و نیزامی ئامریکا و وڵاتانی ئوروپایی، سەرەڕای بە ناو ئاگر بەسێک کە بە ڕواڵەت کراوە، درێژەی هەیە و بێجگە لە خاکێکی سووتاو هێچ شتێکی لێ بە جێ نەماوە. دوو میلیون خەڵکی بێ تاوانی غەزە ئاوارەی ئەم قوژبن و ئەو قوژبن بوون و ڕاو دەنرێن و بۆ هەر شوێنێک چوون و دەچن لە ژێر بارانی موشەک و بومبارانی هەوایی ئیسڕائیلدان . تەواوی مەدرەسە و نەخۆشخانەکانی و بە گشتی شوێنە خزمەتگوزاریەکان بە تەواوی ویران کراوە و زیاتر لە ٧٠ هەزار کەس بەدەستی جینایەتکاری ئەو دەوڵەتە و بە یارمەتی ماڵی و نیزامی ترامپ لە ئامریکا قەتڵی عام کراون. ئەگەر چی بە بڕیاری دادگای نێو نەتەوەیی لاهە نتانیاهو لە گەڵ وزیری دیفاعەکەی بە تاوانی جەنایەتی جەنگی بە تاوانبار ناسراون و بڕیاری دەستگیر کردنیان دراوە، بەڵام هەر جارە کە دەچێتە ئامریکا فەرشی سووری بۆ ڕادەخرێت و لە جیاتی موحاکمە کردنی، ئەوە دادگای لاهەیە کە دەکەوێتە بەر ئیتهام و هێرشی ئامریکا.

هێنانەوەی جارێکیتری تاڵەبان بۆ سەرکورسی دەسەڵات لە ئەفغانستان و ئەو جەهەنەمەی کە بە تایبەت بۆ ژنانی ئەو وڵاتە خولقاوە، حاکم کردنی الجەولانی لە ڕابەرانی تەحریری شام کە جایزەی دە میلیون دۆلاری لە لایەن ئامریکاوە بۆ گرتنی دیاری کرابوو، ئەمجارە نەتەنیا وەک تاوانبارێک بەڵکە وەک ڕەئیسی دەوڵەتی سوریە چ لە لایەن ئامریکاوە و چ لە لایەن وڵاتانی ئورپاییەوە بە گەرمی پێشوازی لێدەکرێ. و ئەو کارەساتەیان دەرحەق بە یازدە ساڵ خۆ ڕاگری ئیدارەی خۆ بەڕیوە بەری رۆژاوا خولقاند کە ئەمڕۆژانە هەموومان شاهیدی هەین. ئەمە سەرباری ئەو جەنایەتەیە کە سەبارەت بە کوشتنی دروزیەکانی ئەو وڵاتە بەڕێوەیان برد. هێرشی ئامریکا بۆ سەر ونزوئیلا بە بیانوی موبارزە لە گەڵ کارتێلە مادە هۆشبەرەکان وسەرئەنجام بە وەژێر پێ نانی هەموو یاساکانی نێونەتەوەیی، دەستگیر کردنی مادورو ڕەئیس جمهوری ئەو ولاتە و دەست بە سەردا گرتنی هەمووچاڵە نەوتەکانی کە بۆ خۆتان لێی ئاگادارن .ئەوچەند نموونە بەسە بۆ ئەوەی کە بزانین ئێمە لە چ دونیایەکی پڕ لە جەنایەت بە سەر دەبەین

یەکێک لە گرنگترینی ئەم ڕووداوانە، ئاخێزی سەراسەری ئەم دواییانەی خەڵکی ئێران بوو کە لە ڕۆژی حەوتەمی مانگی بەفرانبارەوە دەستی پێکرد و لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی هەمان مانگدا بە دڕندانەترین شێوە لەلایەن ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامیەوە شەلاڵی خوێن کرا. لەم تاوانە دژەئینسانیەدا، هەزاران کەس لە خۆپیشاندەران گیانیان لەدەستدا، هەزاران کەسی تر بریندار بوون یان تووشی کەم ئەندامی بوون و دەیان هەزار کەسیش دەستگیر و ڕەوانەی زیندانەکان کراون

ئەم ئاخێزە جەماوەریە کە چەخماخەکەی لە بازاڕی تارانەوە لێدرابوو بە خێرایی سەرتاسەریی بووەوە، لە واقیعدا درێژەی ئاخێزەکانی بەفرانباری ١٣٩٦، گەلاڕێزنی ١٣٩٨ و شۆڕشی ژینا بوو. هەموو ئەم ئاخێزە جەماوەریانە ڕەگ و ڕیشەیان لە گرانی، فەقر و فلاکتی ئابووری، بێمافییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، نایەکسانی و هەڵاواردنی ڕەگەزی، نەتەوەیی و ئاینی و پەرە سەندن و ڕوو لە زیاد بوونی زەرەر و زیانە کۆمەڵایەتیەکاندایە. بارودۆخێک کە کاردی بە ئیسقانی کرێکاران و زحمتکێشان و تویژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا گەیاندوە. کۆمەلانی ئازادیخوازی ئێران کە ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری هەموو ئەم مەحرومیەت و بەدبەختیانە دەزانن، لە خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەشدا بە دروشمی «مەرگ بۆ دیکتاتۆر» بنەمای سیاسی حاکمیان کردە ئامانج و بە خێرایەکی تەواو بوو بە جوڵانەوەیەکی سیاسی. بەڵام ئاخێزی سەرتاسەری ئەمجارە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئاخێزانەی پێشوو کە لە ماوەی ٨ ساڵی ڕابردوودا بینیمان، لە بارودۆخێکی نوێی ناوچەیی و جیهانی دا ڕوویدا. بارودۆخێک کە تێیدا ترازووی هێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا بەخێرایی بە دژی کۆماری ئیسلامی گۆڕا و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا زیاتر لە پێشوو بە تاق کەوتەوە.

لاوازبوون و لێک هەڵوەشانی هێزەکانی بە ناو «میحوەری موقاوەمەت» لە حەماسی فەلەستینەوە بگرە تا حیزبوڵلا لە لوبنان کە لە ژێر هێرشە بەردەوامەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل بوون، ڕوخانی ڕژیمی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد لە سووریە

، فشار بۆ سەر هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە عێراق؛ لاوازبوونی حوسییەکان لە یەمەن؛ شەڕی ١٢ ڕۆژە و ئەو لێدانانەی کە ڕژێم تووشی هات؛ هەروەها بێ دەرەتانی لە پرۆژە ئەتۆمییەکانی جمهوری ئیسلامی، هەموو ئەمانە پێکەوە دەستیان بە دەستی یەکەوە داوە و پێگەی سیاسی و ستراتیژیی کۆماری ئیسلامییان بە تەواوی لاواز کردووە. لەو بارودۆخە نوێیەدا، ئەو بەشە لە ئۆپۆزسیۆنی بورژوایی ئێران کە هیوایان بە ڕوخانی ڕژێم بە هێرشە سەربازییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بەستبوو، زیاتر لە هەر کاتێکی تر فریودران و پێیان وابوو کاتی ئەوە هاتووە کە دەسەڵات لە سەرەوە بگۆڕدرێ. بانگەوازەکانی ڕەزا پەهلەوی و سەڵتەنەت تەڵەبەکان، یان داواکارییەکانی شیرین عەبادی و عەبدوڵڵا مەهتدی و مستەفای هیجری لە ترامپ بۆ هێرش کردنە سەر ئێران، دەبێ لەو چوارچێوەیەدا هەڵسەنگێندرێن. لە هەمان کاتدا، ڕژێمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی کە ئەزموونی چارەنووسی میحەوری موقاوەمەتەکەی، ڕوخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد و شەڕی ١٢ ڕۆژەی تێپەڕاندبوو، خۆی بۆشەڕێکی تەواو عەیار ئامادە کردبوو. لەم بارودۆخەدا، بانگەوازەکانی ڕەزا پەهلەوی، فەرمانەکانی ترامپ، داواکاریی هەندێک لە ڕاستی ئۆپۆزسیۆن بۆ دەستێوەردانی ئەمریکا، و بانگەشەی ئامادەبوونی هێزەکانی موساد، هەموو ئەمانە بوونە هۆکاری ئەوەی کە ڕژێم بە ڕاگەیاندنی بارودۆخی جەنگی، ئەم کوشتارە گشتییە و تاوانە دژەئینسانیە ئەنجام بدات. بەڵام سەرەڕای ئەم کوشتارە پڕ لە جەنایەتە، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ناتوانێت خۆی لە بێ دەرەتانی و قەیرانە قووڵ و گشتییەکان کە تووشی هاتووە ڕزگار بکات. قەیرانەکانی ئەم ڕژێمە بنچینەیین. کرێکاران، زەحمەتکێشان و خەڵکی وەگیانهاتووی ئێران کە لەژێر فشاری گرانی لە تاقەت بەدەردا گیریان کردوە، هیچ ڕێگایەکیان نیە بێجگە لەوەی درێژە بە ئیعتراز و نارەزایەتیەکانیان بدەن.شەپۆلی نارەزاییی خوێندکاران لە زانکۆ جیاوازەکان، بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنەکانی ڕێکخراو و دامەزراوەکانی کرێکاران، مامۆستایان، نووسەران، هونەرمەندان و پزیشکان لە سەر مەحکوم کردنی جەنایەتە دژئینسانیەکانی کۆماری ئیسلامی و جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامبوونی تێکۆشان، ئەوە نیشان دەدات کە کۆمەڵگای ئێران نەترساوە و جوڵانەوەی نارەزایەتی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بەردەوام دەبێت. لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا، لەژێر تیغی سەرکوتی ڕژێمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی و لەژێر فشاری فەقر و فلاکەتی ئابووری و سزادان و تەحریمە نێودەوڵەتییەکان بە سەرکردایەتی ئەمریکا ـ کە خۆڵەکەی ڕاستەوخۆ دەچێتە چاوی خەڵکەوە ـ کۆمەڵگای ئێران هەزاران مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاری، چوار ئاخێزی جەماوەریی و سەرهەڵدان و جووڵانەوە نارەزایەتیە بەرەوامەکانی توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگای تاقیکردۆتەوە. چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران لەم پرۆسەیەدا مەشروعیەتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیان تێک شکاندووە، قەیرانی حکومەتییان توندتر کردووە و پرۆسەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیان بە پشتگیری هێزی تێکۆشەری خۆیان تا ئەم قۆناغە بەرەوپێش بردوە. ئەم جوڵانەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتیانە لە بەردەوامی خۆیاندا و لەگەڵ بەرەوپێش چوون لە بواری ڕێکخستن و دروستکردنی ڕابەریەکی سەرتاسەری، بە دڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامی دەرووخێنن. لە تەواوی ئەم ماوەیەدا سیاسەتەکانی ئەمریکا نە تەنیا هیچ یارمەتییەکیان بە جوڵانەوەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نەداوە، بەڵکو دژ بە بەرژەوەندیی ئەم جوڵانەوەیە بوون. هەڕەشەکانی جەنگی ئەمریکا ئەگەر بکێشرێتە شەڕێکی دیکە، نە تەنیا هیچ یارمەتییەک بە نارەزایەتیەکان نادات، بەڵکو یارمەتیدەر دەبێت بۆ مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە شێوە و شێوازێکیتردا. هێرشی سەربازیی ئەمریکا دەتوانێت هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە بە تێکۆشانی کرێکاران و کۆمەڵانی ستەم لێکراوی خەڵکی ئێران ، کە لە شەڕی سنگەر بە سنگەر و بە نرخی ئەو خوێنانەی کە لە سەر شەقامەکان ڕژاون بەدەست هاتوون، تێک بدات. لە بارودۆخی ئێستادا هێزە ئۆپۆزسیۆنە بورژوازییەکانی ئێرانیش، نە سەڵتەنەت تەڵەبەکان، نە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق و نە حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان کە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هیوایان بە فشاری زۆرینەی حکومەتی ترامپ و هەڕەشە جەنگییەکانی حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل بەستوە و چاوەڕێی گواستنەوەی دەسەڵات لە سەر سەری کۆمەڵانی خەڵکەوەن، هیچ دیمەنێکی تر بێجگە لە تێکدانەوەی بنەمای کۆمەڵگا دروست ناکەن. نموونەکانی ئەمەشمان لە ئەفغانستان، عێراق، لیبیا و سوریا بینیوە. ڕەوتە بورژوا لیبێرال ـ کۆمارخوازیەکانیش ڕێگا چارەیەکیان بۆ کۆتاییهێنان بۆ ئەم قەیرانانە نییە. چارەسەری ئەم هێزانە بۆ گەشەی ئابووری ئێران، بەردەوامبوون لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی ئابووریی نیولیبراڵی بە پشتگیری بازاڕی ئازاد و بەردەوام بوون لە بێکارکردن و هەرزان کردنی هێزی کاردایە. ئەو یەکسانییانەی کە لە بواری سیاسی و ماف و یەکسانی ژن و پیاودا بەڵێنی دەدەن، هیچ بنەمایەکی ماددی و ئابووری نییە. ئەم هێزانە لە باشترین دۆخدا دەیانەوێت بە پاراستنی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری، ستەمێکی غەیری ئایینی بخەنە جێگای ستەمێکی ئایینی.

لەم نێوانەدا سۆسیالیزم تەنها ئەلتەرناتیڤێکە کە دەتوانێت کۆتایی بە هەموو کێشە ئابوورییەکان، گرفتارە کۆمەڵایەتییەکان، بێ مافییەکان، جیاکردنەوە و نایەکسانییەکان بهێنێت، کە توێژەکانی خوارەوە لە چنگی خۆیدا دەگوشێ. بە پێچەوانەی ڕیکلامەکانی ئۆپۆزسیۆنی بورژوازی، ئەلتەرناتیڤی سۆسیالیستی لەسەر بنەمای عینی و کارا و ڕاستبینانە دامەزراوە. چونکە ئێمە دەڵێین ئەو چینە کرێکارەی کە بارە سەرەکیەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لە سەر شانە و بە نارەزایەتی و مانگرتنەکانیان لە مەیداندا ئامادەن، هەمان ئەو زەحمەتکێشان و خەڵکەن کە یەک لایەنی ئاخێز و جوڵانەوە سیاسیە کۆمەڵایەتیەکانن و ئێستا لە شەقام و مەیدانی سیاسی کۆمەڵگادا ئامادەن لە ڕێکخستنێکی شۆڕاییدا دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. ئەلتەرناتیڤی سۆسیالیستی پشت بە هێزی هەزاران تێکۆشەری سۆسیالیست دەبەستێت کە لە جوڵانەوەی کرێکاری، لە جوڵانەوەی ژنان، لە جوڵانەوەی خوێندکاران، لە جوڵانەوەی شۆڕشیی کوردستان و لە جوڵانەوەی دژ بە سزای لەسێدارەدان ئامادەن و لە ڕێکخستنی مانگرتنە شکۆمەندەکانی جوڵانەوەی کرێکاریی و بەرەوپێش چوونی ئەم جوڵانەوە کۆمەڵایەتیانەدا دەور و نەقشی خۆیان نیشان داوە. ئەم ئەلتەرناتیڤە پشت بەو چەپە کۆمەڵایەتییە دەبەستێت کە مۆری خۆی بە سەر هەموو جوڵانەوە کۆمەڵایەتی و نارەزاییەکان لە کۆمەڵگادا کوتاوە

لە کوردستانیشدا لە بەرامبەر سیاسەتەکانی حیزبە ناسیۆنالیستەکان کە لە ناوەندی دیالۆگدا ڕێکخراون و بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هیوا بە دەخاڵەتگەری حکومەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دەبەستن و خەریکی ئامادەکاری بۆ دەسەڵاتی حیزبەکان و هێزە چەکدارەکانیانن لە ماوەی گوزاری دوای ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵە زیاتر لە هەر کاتێک جەخت لەسەر پێویستی سیاسی یەکگرتن و هاوپشتی لەگەڵ جوڵانەوەی سەراسەری بۆ ڕووخاندنی حکومەتی ئیسلامی و دامەزراندنی حاکمیەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان دەکات. بە پێچەوانەی ئەم حیزب و هێزانەی کە هیوا بە دەخاڵەتگەری هێزە سەرمایەداریە دەرەکیەکان دەبەستن، ئێستا ئاڵقە سەرەکیەکانی تێکۆشان بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، پەرەپێدان بە جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی و نارەزاییەکانە دژ بە گرانبوون، فقر و بێکاری، کەم بوونی ئاو و بەرق، دژ بە سیاسەتە شەڕخوازیەکان، دژ بە سزای ئێعدام و بۆ ئازادیی زیندانیانی سیاسی

تەنیا بە پەرەپێدان بە جوڵانەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتیەکان و بە دروستکردنی ڕێکخراوە جەماوەریەکان لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران، بە دروستکردنی کومیتە و دامەزراوە جەماوەریەکان لە دێهات و گەڕەکی شارەکان، بە دروستکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان لە گەڕەکەکان وزۆر کاریترە کە دەتوانرێت هەر جۆرە بۆشاییک لە بەڕێوەبردن ومودیریەتی کۆمەڵگا کە لە ئەنجامی لاوازی حکومەتی ناوەندیدا دروست دەبێت، بە بەڕێوەبردنی دامەزراوە جەماوەریەکان کە لە ناو خەڵکەوە هەڵدقوڵێن پڕ بکرێتەوە. تەنیا بە دروستکردنی ئەم ڕێکخراو و دامەزراوە جەماوەریانەیە کە بە باشترکردنی هاوسەنگی هێزەکان، کرێکاران، زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان دەتوانن لە خوارەوە و بە پشتگیری ئەم دامەزراوانە، بەڕێوەبردن و مودیریەتی کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ بەدەستەوە بگرن. کرێکاران، زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان تەنیا بە ڕێکخستن و دروست کردنی تەشکیلات لە شۆراکان، کۆمیتەکان و دامەزراوەکانی تری حاکمیەتی جەماوەیە کە دەتوانن لە کاتێکدا کە هێزە چەکدارەکانی ڕژێم لە کوردستان هەڵدەپێچرێن، بە شێوەیەکی جەماوەریی چەکدار بن و بە هێزی چەکداری خۆیان لە حاکمیەت و دەستکەوتەکانیان پارێزگاری بکەن

خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان تەنیا بە پشت بەستن بەو ڕێکخراوانە و دامەزراوەکانی تری حاکمیەتی جەماوەری دەتوانن بۆ وەڵامدانەوەی خێرا بە پێویستیە فەوریە ئابوورییەکانی خەڵک، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ فەلاکەتی ئابووری پلان دابڕێژن، ئازادییە سیاسیە بێقەیدوشەرتەکان، هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام، یەکسانی کامڵی مافی ژن و پیاو، و جیایی دین لە دەوڵەت و فێرکردن و پەروەردە ، تەفرەقەی نەتەوەیی و ئاینیەکان پووچەڵ بکەنەوە و بەرنامەی حاکمیەتی شۆرایی کۆمەڵانی خەڵک بۆ بنەبڕ کردنی ستەمی نەتەوەیی ڕابگەیەنن

شۆڕاکان و دامەزراوەکانی تری حاکمیەتی خەڵک لە کوردستان دەتوانن بە پشتگیری ئامادەبوونی خەڵک لە مەیدانی سیاسی کۆمەڵگادا، لە ڕووبەڕوو بوونەوەی گرووپ و حیزبە چەکدارەکان ڕێگری بکەن و جیاوازیەکان لە ڕێگەی تێکۆشانی سیاسی و بە شێوەیەکی موتەمەدنانە چارەسەر بکەن.بەم بۆنەوە، کۆمەڵە جارێکی تر هەموو کرێکاران و زحمتکێشان، گەنجان، ژنان و پیاوانی ئازادەی کوردستان، دامەزراوەکان و چالاکوانانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ، بۆ پەرەپێدان بە جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی و بۆ یەکگرتن لە دەوری ئەلتەرناتیڤی حاکمیەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان بانگەواز دەکات

میوانە بەڕێزەکان!

لە کۆتایی ئەم بەشە لە قسەکانمدا دەمەوێت جارێکی تر سەرنجی ئێوەی بەڕێز ڕابکێشم بۆ سەرەکی‌ترین خاڵەکانی هەڵوێستی کۆمەڵە بەرامبەر بە جوڵانەوەی ڕۆژئاوا. دوای هێرشە سەربازیەکانی حکومەتی ئیسلامی بە سەرکردایەتی ئەحمەد شەرع، بە هاوبەشی حکومەتی فاشیستی تورکیا و چرا سەوزی دەوڵەتی فاشیستی ئامریکا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (هەسەدە) و تاوانەکان و کوشتارەکانیان، هەروەها دوای ڕێککەوتنی ١٨ی ژانویەی ٢٠٢٦ کە لەژێر فشاری حکومەتەکانی ئەمریکا و تورکیا، کە بە سەر مەزڵوم عەبدیدا سەپێندرا، نابێت هیچ گومانێکمان هەبێت کە بە پێی یاسای بنەڕەتی حکومەتی ئیسلامی سووریا ، کە ئەحمەد شەرع بەڕێوەبەری پرۆسەی داڕشتنەوەی سەر لە نویەتی و لەو بارودۆخەدا کە هەموو ئامرازە سەرەکیەکانی دەسەڵات وەک هێزی نیزامی، ئابووری و دیپلۆماسی لە دەستی حکومەتی ناوەندی دایە، هیچ شوێنێک بۆ بە ڕەسمی ناسینی مافە بنەڕەتیەکانی گەلی کوردستانی سووریا و نەتەوەکانی دیکە لە ئارادا نیە

لە دوای ڕێککەوتنی ١٨ی ژانویە و دوای ڕێپێوانە گشتییەکان و کۆبوونەوە گەورەکانی خەڵکی کوردستانی سووریا لە دژایەتی هێرشەکانی حکومەتی ئیسلامی ئەحمەد شەرع، هەروەها جوڵانەوەی گەورەی هاوپشتی بۆ پشتیوانی لە ڕۆژئاوا لە شارەکانی کوردستانی عێراق و تورکیا و هەروەها لە وڵاتانی ئورووپا، لە ٣٠ی ژانویەدا ڕێککەوتنێکی تازە لەنێوان هێزەکانی سووریای دیموکراتیک و حکومەتی ئەحمەد شەرع ئیمزا کرا. ئەم ڕێککەوتنە ئەگەرچی لە ئێستادا کۆتایی بە شەڕە سەربازییەکان هێناوە، بەڵام ترس و نیگەرانی لەسەر چارەنووسی جوڵانەوەی مافخوازی ڕۆژئاوا هێشتا بەجێ خۆی ماوەتەوە. چونکە بە پێی ئەم ڕێککەوتنە نوێیە، هێزەکانی سووریای دیموکراتیک بە شێوەیەکی بە کردەوە تێکەڵ بە سوپای نوێی سووریە دەکرێت و فرماندەیی دەکەوێتە دەستی وەزارەتی بەرگری سووریا. هەروەها هەموو دامەزراوە مەدەنییەکانی پارێزگای حەسەکە تێکەڵ بە دامەزراوەکانی دەوڵەتی سووریا دەبنەوە. کێڵگە نەوتییەکان لە ڕەمێلان و سوویدیا، فڕۆکەخانەی قامیشلۆ و دوو دەرگای سەرەکی سێمالکا لەگەڵ هەرێمی کوردستان و نسیبین لەگەڵ تورکیا دەدرێن بە حکومەتی ناوەندیی سووریا. جێبەجێکردنی ئەم «ڕێککەوتنە» ــ بە تایبەتی ئەو مادانەی پەیوەندیان بە ساختاری هێزەکانی سووریای دیموکراتیک لە ناو پێکهاتەی وەزارەتی بەرگری سووریا و پابەندکردنی ئەنجوومەنەکان، ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکانی خۆبەڕێوەبردنی گەلیی بە وەرگرتنی ئیجازەی دەوڵەتی، لە ڕاستیدا بە مانای چەک داماڵینی ڕۆژئاوا و ڕوخاندنی ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکانی خۆبەڕێوەبردنی ڕۆژئاوا و کۆتایی هێنان بە ئەم ئەزموونەیە

ئێمە وەک کۆمەڵە لەو باوەڕەداین کە لە بارودۆخی ئێستادا و بە ڕەچاوکردنی ئەو مەترسیانەی لە لایەن حکومەتەکانی سووریا، تورکیا و ئەمریکاوە هەڕەشە لە جوڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کوردستانی سووریا دەکات، تەنیا ئامادەبوونی گەلی چەوساوەی کوردستانی سووریا لە مەیدانی سیاسیی کۆمەڵگا و نهادینەکردنی دەستکەوتە دیموکراتیکەکانی تا ئێستا و پابەندبوونیان بە هێشتنەوەی چەک لە دەستی خەڵکدا بۆ پاراستنی ئەم دەستکەوتانە و هەوڵدان بۆ دروستکردن و بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵ گەلی ئازادە و یەکسانی‌خواز لە سەرانسەری سووریایە، کە دەتوانێت ئاسۆیەکی ڕوون بۆ دەرچوون لەم قۆناغە بخاتە بەر دەم کۆمەڵگا. لەو بارودۆخەدا پابەندبوون بەو دەستکەوتانەی کە لەسەر یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا دامەزراوە، هەروەها لەسەر مافی ژن لە ناو خێزان، یەکسانیی کەمینە نەتەوەیەکان، ئایینی و ڕەگەزیەکان لە بەرامبەر یاسادا، بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی خەڵک لە بەڕێوەبردن و مودیریەتی شار و گوندەکان، و ئازادییە سیاسییەکان و پابەند بوون بە جێبەجێکردنیان، دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ ڕاکێشانی هاوپشتی مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانی‌تەڵەبەکان لە سەرانسەری سووریا بۆ پشتیوانی لە جوڵانەوەی مافخوازی گەلی کوردستان.

کۆمەڵە، وێڕای محکوم کردنی هێرشە سەربازیەکان و فشاری حکومەتەکانی سووریا و تورکیا لە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا و تاوانەکانیان دژی گەلی کوردستان، بە قەتعی پشتیوانی لە جوڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کوردستانی سووریا دەکات لە بەرامبەر ئەو مەترسیانەی کە هەڕەشەی لێدەکەن. ئەزموونی ڕۆژئاوا جارێکی تر نیشانی دا کە نە ئەمریکا و نە هیچ هێزێکی ئیمپریالیستی دیکە پشتیوانی ئازادی، سەقامگیری و ڕفاه و خۆشبەختی خەڵک نین و تەنها لە ڕێگەی پشتبەستن بە هێزی یەکگرتووی کرێکاران، زەحمەتکێشان و گەلی چەوساوەوەیە کە دەتوانن ماشینی جەنگی و داگیرکاریی هێزە کۆنەپەرستە سەرمایەداریەکان ناچار بە پاشەکشە بکات و ئاسۆی ڕزگاری لە بەردەم کۆمەڵگا دابنێت. لەم بارودۆخەدا ڕاکێشانی پشتیوانی و هاوپشتی جوڵانەوە پێشکەوتووە کۆمەڵایەتییەکان و مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانی‌تەڵەبەکان لە ئاستی جیهانیدا بۆ ڕۆژئاوا دەتوانێت هاوسەنگی هێزەکان بە قازانجی جوڵانەوەی مافخوازی گەلی کوردستانی سووریا بگۆڕێت

جارێکیتریش سپاسی هەموو لایەکتان دەکەم بۆ ئەوەی کە گوێتان لە قسەکانم گرت و سپاسی ئەو هاوڕێ و کەسانەش دەکەم کە لە پێک هێنانی ئەم کۆڕەدا زەحمەتیان کێشاوە و دەستی ماندوی هەموو لایەکتان بە گەرمی دەگوشم

❋❋❋

# ئەوپەڕی سەرشۆڕی و دووڕوویی خامنەیی بۆ سڕینەوەی کۆمەڵکوژییەکەی مانگی بەفرانبار لە زەینی کۆمەڵگا

ڕۆژی ٢١ی ڕێبەندان، لە کاتێکدا تەنیا مانگێک بەسەر کارەساتی کۆمەڵکوژییەکەی مانگی بەفرانباری ١٤٠٤ بە دەستی جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی تێپەڕ دەبوو، عەلی خامنەیی لە پەناگەی خۆیەوە، زەلیلانە داوای لە خەڵک کرد کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دژی ڕژێمی دیکتاتۆریی پاشایەتی، بۆ لایەنگری لە کۆماری ئیسلامی بڕژێنە سەر شەقامەکان و بەشداری لە ڕێپێوانە فەرمایشییەکەیدا بکەن

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئەمساڵ بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە ڕێپێوانە حکوومییەکەیدا تەواوی ئامێرە پڕۆپاگەندەییەکانی خستبووە گەڕ؛ ئیدارەکان، قوتابخانە و زانکۆکانیان داخست؛



هەڕەشەیان لە بازاڕییان و کاسبکاران کرد کە دەبێ لە ڕێپێوانەکەدا ئامادە بن، هێزە بەکرێگیراو و سەرکوتگەرەکانی سپا، بەسیج، ئیتلاعات، ئەرتەش و پۆلیسیان ناچار بە بەشداری کرد، خەڵکی گوندەکان و گەڕەکە پەراوێزخراوەکانی شارەکانیان بە پاسی بێ بەرامبەر هێنایە سەر شەقامەکان، تەنانەت بەوپەڕی بێشەرمییەوە هەڕەشەیان لە بنەماڵەی گیانبەختکردوانی کۆمەڵکوژییەکەی ئەم دواییە کرد کە دەبێ بەشدار بن، ئەگەرنا ڕۆڵە و کەسوکارە زیندانییەکانیشیان لە سێدارە دەدەن. ئەم هەموو بێچاوڕوویی و ڕیاکارییەی ڕژیم بۆ هێنانە مەیدانی خەڵک لەم بۆنەیەدا، تەنیا بۆ ئەوە بوو تا بە خەیاڵی خاوی خۆیان نیشانی بدەن کە خەڵکی ئێران لەگەڵ دەسەڵاتی ئیسلامین و بەم چەشنە مەشروعیەتی درۆینەی خۆیان بە دەوڵەتانی دیکە نیشان بدەن

ئەم شانۆگەرییە گاڵتەجاڕانەیە لە کاتێکدا بوو کە مانگی پێشوو، ملیۆنان کەس لە خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە دەست هەژاری، برسێتی، هەڵاوسان، گرانی و جیاکاری و نادادپەروەری، بۆ ماوەی دوو هەفتە لە سەدان شاری ئێران ڕژانە سەر شەقامەکان و بە دەنگێکی دلێر و بە دروشمگەلێکی وەک "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"، "مەرگ بۆ خامنەیی"، "مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی"، جارێکی دیکە ڕایانگەیاند کە کۆماری ئیسلامییان ناوێت و بەڵگەی ناڕەوایەتیی دەسەڵاتی ئیسلامییان بە جیهان نیشان دا

سەرەڕای ئەمانە، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٣ی ڕێبەندان، عەلی خامنەیی بەوپەڕی بێشەرمییەوە لە پەناگەکەی خۆیەوە پەیامێکی تەلەڤزیۆنیی دیکەی ئاراستەی خەڵکی ئێران کرد. ناوبراو ئەمجارە لە بەرگی ناسیۆنالیستێکی ئێرانیدا دەرکەوت و فریوکارانە گوتی: "دوێنێ گەلی ئازیز فەتحێکی گەورەیان کرد، ئێوە ئێرانتان سەربەرز کرد، پشتیوانیتان لە کۆماری ئیسلامی کرد، ئەو دوژمنانەی بەدوای تەسلیمبوونی گەلی ئێرانەوەن نائومێدتان کرد، وڵاتتان لە دەستێوەردانی بێگانە ڕزگار کرد؛ ئەو بێگانانەی بەدرێژایی هەموو ئەم ساڵانە ویستوویانە دۆخەکە بۆ ڕابردوو بگێڕنەوە. بەڵام گەلی ئێران ڕاوەستا و ئەمە سیمبولی خۆڕاگریی گەلی ئێران بوو لە بەرامبەر دەستێوەردانی بێگانەدا. دەبێ هەموومان هەوڵ بدەین پەیوەندی و یەکگرتوویی نەتەوەیی بپارێزین. یەکگرتوویی نەتەوەیی زۆر بەبایەخە. ئێوە ئەو دوژمنانەی بەدوای تەسلیمبوونی گەلی ئێرانەوەن نائومێدتان کرد. خودا پاداشتی ئەوە بە گەلی ئێران دەداتەوە. من سپاسی هەموو گەلی ئێران دەکەم و دروودی زۆر دەنێرم بۆ یەک بە یەکی ئەو کەسانەی دوێنێ لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدارییان کرد. دەسەڵات و هێزی نەتەوەیی پێش ئەوەی پەیوەندی بە مووشەک و فڕۆکەوە هەبێت، پەیوەستە بە ئیرادە و خۆڕاگریی گەلانەوە"

خامنەیی لەم پەیامەدا بەردەوام ناوی ئێران، گەلی ئێران، یەکگرتوویی نەتەوەیی، بێگانە و وشەی هاوشێوەی بەکار دێنا و هیچ هەواڵێک لە بەکارهێنانی دەستەواژەکانی "ئوممەتی ئیسلام" و "ئێرانی ئیسلامی" و "نیزامی ئیسلامی" و هیتر نەبوو. بەکارهێنانی ئاوا لەحن و وشەگەلێک، لە هەمان کاتدا کە یەکجار ڕیاکارانە بوو، نیشانەی نیگەرانی قوڵی ناوبراو بوو لە ڕووخانی دەسەڵاتی ئیسلامی. ئەم پیاوە سووک و بکوژە لە کاتێکدا پەیامێکی ئاوا ئاراستەی خەڵک دەکات کە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی بەفرانبار هەر لەم شەقامانەدا، داخوازی و داواکارییە سروشتی و ڕەواکانی کرێکاران و "خەڵکە ئازیزەکەی ئێرانی!" بە گوللەی هێزە بەکرێگیراوەکانی وەڵام دایەوە و هەزاران کەس لە منداڵان و لاوانی کوشت. زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس لە خەڵکی ناڕازی و بێلایەنی دەستبەسەر و زیندانی کردووە. ئامانجی خامنەیی لە پەیامێکی ئاوا دووڕوویانە، لە بنەڕەتدا سڕینەوەی ئەسڵی مەسەلەکە و ئەو کۆمەڵکوژی و کوشتارە ساماناکە بوو کە بە فەرمانی خۆی ئەنجام درابوو، تا لە زەینی کۆمەڵگا پاکی بکاتەوە. بەڵام خەیاڵی خاوە! چونکە ڕق و بێزاریی خەڵکی ئێران لە دەسەڵاتی ئیسلامی تەنیا پەیوەست نییە بەم کۆمەڵکوژییە جەنایەتکارانەیە، بەڵکوو ڕیشەی لە زیاتر لە چوار دەیە هەژاری و برسێتی، جیاکاری و نادادپەروەری، سەرکوت و کوشت و کوشتاردا هەیە

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کە ڕووبەڕووی قەیرانی هەمەلایەنەی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و قەیرانی مەشروعیەت و ناکارامەیی بۆتەوە، لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا، بە خۆڵێگێلکردن لە ئاست هەر جوڵەیەکی ناڕەزایەتی جەماوەری، هەر مانگرتن و ناڕەزایەتییەکی کرێکاران و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگای بە تۆمەتی بێبنەما و بەستنەوەیان بە دوژمن و بە ئەمریکا و ئیسرائیل وەڵام داوەتەوە و بە کوشتار و زیندان و ئەشکەنجە و سێدارە سەرکوتی کردوون. لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردووشدا تەنانەت دەستیان داوەتە دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵی سەرانی باڵی "ڕیفۆرمخواز"، کە خۆیان شەریکی تاوان و هاوکاری خامنەیی و سپای پاسداران بوون لە جەنایەتەکانیاندا و لەم دواییەدا پێشنیارگەلێکیان بۆ چارەسەری قەیرانەکان لەپێناو پاراستن و مانەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی خستبووە ڕوو. ئەم دەستبەسەرکردنانەش نیشانەیەکی دیکەیە لە ترس و تۆقانی خامنەیی و ڕێبەریی دەسەڵاتی سپای پاسداران کە کابووسی ڕووخانی ڕژێمە گەندەڵە ئیسلامییەکەیان لەسەر سەری خۆیان دەبینن

بەڵام ئەم کابووسە دەبێتە ڕاستی. قەیرانەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی بونیادیتر و قووڵتر لەوەن کە ڕژێم بتوانێت بە پەنابردن بۆ سەرکوت و کوشتار، یان بە ڕۆیشتنە سەر مێزی دانوستان و سازش و تەسلیمبوون بە ئەمریکا چارەسەریان بکات. شەپۆلی مەزنی ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییەکان لە ٨ ساڵی ڕابردوودا دەریخستووە کە کرێکاران و جەماوەری خەڵکی بەشمەینەت چیتر ناتوانن ئەو هەژاری و نەهامەتییە کە بەرهەمی قەیران و بنبەست و گەندەڵیی دەسەڵاتی ئیسلامییە، تەحەمول بکەن. سەرەنجام کارخانە و شەقام بەیەک دەگەن. مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاران لە یەکێتی و هاوپشتی لەگەڵ ناڕەزایەتیی ژنانی ئازادیخواز، مامۆستایانی تێکۆشەر، خوێندکاران، خانەنشینان، پەرستاران و دادخوازان و... تا ڕووخانی یەکجاریی دەسەڵاتی هاری ئیسلامی درێژەی دەبێت

***

# دۆسیەی ئێپستین؛ ڕوخساری ڕاستەقینەی دەسەڵاتی سەرمایە و توندوتیژی

بڵاوبوونەوەی ملیۆنان لاپەڕە لە بەڵگەنامە نوێیەکانی دۆسیەی "جێفری ئێپستین"، جارێکی دیکە پەردەی لەسەر ڕاستییەک هەڵدایەوە کە بۆ زۆر کەس بابەتێکی تازە نییە. سیستەمی سەرمایەداری نەک تەنها لەسەر بنەمای چەوساندنەوە و بەهرەکێشی کەمینەی سەرمایەدار لە زۆرینەی کرێکاران و زەحمەتکێشان دامەزراوە، بەڵکوو تاوان و توندوتیژیی ڕێکخراو، پیشەسازی سێکس، بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بێسزا دەرچوونی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە لەنێو خۆیدا بەرهەم دەهێنێتەوە. ئەوەی ئەمڕۆ لەژێر ناوی لەقاودان و ئیفشاگەری دەخرێتە ڕوو، لە ڕاستیدا تەنها کەلێنێکی بچووکە لەو دیوارە ئەستوورەی "پارێزبەندی چینایەتی" کە دەسەڵاتداران بۆ خۆیان دروستیان کردووە؛ دیوارێک کە بە پارە، دەسەڵاتی سیاسی و دەزگا ئایدۆلۆژیکەکان پاسەوانی لێ دەکرێت. دۆسیەی ئەپستین تەنها گێڕانەوەی لادانی ئەخلاقی تاکێک یان بازنەیەک لە تاکە گەندەڵەکان نییە، بەڵکوو ئەم دۆسیەیە نمادێکە لە پەیوەندی پێکهاتەیی و قووڵی نێوان مشتێک پیاوی سەرمایەداری بەدەسەڵات، دەوڵەتە بۆرژوازییەکان و شێوازە ڕووت و ئاشکراکانی توندوتیژی دژی جەستەی ژێردەستان، بەتایبەت ژنان و منداڵان. تۆڕێک کە ساڵانێکی دوور و درێژ لەژێر سێبەری پشتیوانی سیاسی، ئەمنی و لە بێدەنگی میدیاییدا چالاکی کردووە

یەکێک لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەم دۆسیەیە، ئەو ناوانەن کە جارێکی دیکە لە بەڵگەنامە نوێیەکاندا دەرکەوتوونەتەوە. ملیاردێرەکان، سیاسەتمەداران، سەرۆکی دەوڵەتان و نوێنەرانی ڕاستەوخۆی سەرمایەی جیهانی. بوونی کەسانی وەک دۆناڵد ترەمپ، بیل کلینتۆن، بیل گەیتس، ئیلان ماسک و سیمای بنەماڵە پاشایەتییەکان یان بەرپرسانی باڵای حکوومی، بەڕێکەوت یان پەراوێزی نییە. ئەمە دەریدەخات کە چۆن چینی دەسەڵاتدار لە ئاستی جیهانیدا، بەدەر لە هەر ناکۆکییەک کە لە نێوانیاندا هەبێت، لە مەنتیقی کەڵەکە کردنی قازانج و دڵنیابوون لە پارێزبەندی خۆیان، بە شێوەیەکی هاوبەش هەڵسوکەوت دەکەن. دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان، بە پێچەوانەی بانگەشەی بێلایەنییان، ئامرازی ڕاستەوخۆی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازین. کاردانەوەی وەزارەتی داد لە ئەمریکا کە تۆمەتەکانی دژی سەرۆک کۆمار بە "باوەڕ پێنەکراو" وەسف دەکات، نموونەیەکی ڕوونە لەم کارکردە. لێرەدا یاسا نەک وەک ئامرازی دادپەروەری، بەڵکوو وەک قەڵغانی بەرگری لە دەسەڵات کار دەکات. یاسا و دادی بۆرژوایی تەنها تا ئەو شوێنە ئیعتیباری هەیە کە زیان بە پێکهاتەی دەسەڵات نەگەیەنێت

لە بەرانبەر ئەم پارێزبەندییە ڕێکخراوەدا، قوربانییەکان وەستاون؛ مرۆڤگەلێک کە جەستە و ژیانیان کراوە بە کاڵا. ناڕەزایەتی ١٨ کەس لە قوربانییەکان بەرانبەر بە چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان، خۆی گوزارشتە لە دژایەتییەکی قووڵی نێو سیستەمی ئێستا؛ ناو و شوناسی قوربانییەکان ئاشکرا دەکرێت، بەڵام زۆرێک لە ئەنجامدەرە سەرەکییەکان لە پشت دیواری سانسۆر، بەرژەوەندی سیاسی و تیبینییە ئەمنییەکانەوە دەشاردرێنەوە. ئەم هەڵگێڕانەوە ئەخلاقییە، جەوهەری سیستەمی سەرمایەدارییە. لە مەنتیقی سەرمایەدا، مرۆڤ بەهایەکی زاتیی نییە؛ بەڵکوو بەهاکەی پاشکۆی پێگەیەتی لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا. قوربانییەکان، کە زۆربەیان لە توێژە ژێردەست و هەژارەکانی کۆمەڵگان، نە دەسەڵاتی داراییان هەیە و نە ئامرازی سیاسی. هەربۆیە ئاشکراکردنی ناویان وەک "تێچوویەکی قبووڵکراو" تەماشا دەکرێت، لەکاتێکدا ئاشکراکردنی تەواوەتی تاوانباران دەتوانێت سەقامگیریی پێکهاتەکە بخاتە مەترسییەوە

توندوتیژیی سێکسی، فۆرمێکە لە توندوتیژیی چینایەتی. لە دۆسیەی ئێپستیندا، دەستدرێژی و سووکایەتی سێکسی بەشێکە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات و ئامرازێکە بۆ شکاندنەوە، کۆنترۆڵکردن و بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی. جەستەی قوربانییەکان دەبێتە مەیدانی پیادەکردنی دەسەڵات و سەروەری، هەروەک چۆن هێزی کاری کرێکاران لە کارگە و ناوەندە خزمەتگوزارییەکاندا دەچەوسێنرێتەوە. دووڕگەی ئێپستین دەتوانرێت وەک ئیستیعارەیەکی عەینی لە جیهانی سەرمایەداری لێک بدرێتەوە: فەزایەکی تایبەت، دابڕاو، دوور لە چاودێری گشتی، کە تێیدا یاسا هەڵدەپەسێردرێت و ویستی دەسەڵاتداران حوکمی موتڵەق دەکات.

ئەم فەزایانە، چ لە قاڵبی دوورگە تایبەتەکاندا بن، چ لە ژووری دەستەی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان یان کۆبوونەوە سیاسییە نهێنییەکان، ئەو خاڵانەن کە سیمای ڕاستەقینەی دەسەڵاتیان تێدا دەردەکەوێت

ڕۆڵی میدیاکانی دەسەڵات لەم دۆسیەیەدا جێگای سەرنجە. ئیفشاگەرییەکان بە شێوەی قەترە-چکین، هاوکات لەگەڵ سانسۆری بەرفراوان و چوارچێوەبەندیی کۆنترۆڵکراو بڵاو دەکرێنەوە. ئامانج لێی تێکدانی نەزمی موجود نییە، بەڵکوو بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی تووڕەیی جەماوەرە. سەرمایەداری بە باشی فێر بووە کە چۆن قەیرانەکان کۆنترۆڵ بکات؛ لە ڕێگەی گۆڕینی تاوان و گەندەڵیی پێکهاتەیی بۆ ئابڕووچوونێکی تاکەکەسی و بچووککردنەوەی بۆ مەسەلەی ئەخلاقی شەخسی، قەیرانەکە بەڕێوە دەبات. لەم دۆخەدا، تەنانەت لەقاودان و ئیفشاگەریش دەتوانێت ببێتە ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانەوەی نەزمەکە. کاتێک ڕاستی بە شێوەیەکی ناتەواو و بژاردەکراو دەخرێتە ڕوو، لەجیاتی وشیاریی ڕزگاریبەخش، بێهیوایی و بێمتمانەیی لێ دەکەوێتەوە. وەسفکردنی ئەم بڵاوکردنەوەیە لەلایەن قوربانییەکانەوە وەک "خیانەت"، ڕێک ئاماژەیە بۆ هەمان ئەزموون

دۆسیەی ئێپستین جارێکی دیکە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئومێد بەستن بە ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ و ڕزگاری لە ڕێگەی ریفۆرم و چاکسازی لە چوارچێوەی دەوڵەتی بۆرژواییدا، وەهمێکی مەترسیدارە. پێکهاتەیەک کە خۆی بەشێکە لە تۆڕی تاوان و چەوساندنەوە، ناتوانێت ناوبژیوانێکی بێلایەن یان هۆکاری ڕزگاری بێت. گۆڕانکاریی ڕووکەش، جێگۆڕکێی کەسەکان یان تەنانەت دادگاییکردنی چەند مۆرەیەکی لاوەکی، ماهیەتی سیستەمەکە ناگۆڕێت. کۆتایی هێنان بە مەینەتییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و یەکسانی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان، تەنها بە گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و دەسەڵاتدا مومکینە. تا ئەو کاتەی سەرمایە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بێت، توندوتیژی، نایەکسانی و بێسزا دەرچوونیش بەردەوام بەرهەم دەهێنرێنەوە. کێشەکە چەند تاکێکی گەندەڵ نین، بەڵکوو سیستەمێکە کە گەندەڵی بە دامەزراوەیی کردووە و کردوویەتی بە یاسا

ئەم ئیفشاگەریانە، هەرچەند سنووردار و کۆنترۆڵکراویش بن، دەتوانن ببنە خاڵی دەستپێکی وشیاری چینایەتی، ئەگەر بخرێنە نێو چوارچێوەی شیکارییەکی ڕزگاریخوازانەوە. ئەرکی هێزە کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕەکانە کە ئەم ڕووداوانە لە ئاستی ئابڕووچوونە کاتییەکان بەرزتر بکەنەوە و پەیوەندیی ئەمانە لەگەڵ مەنتیقی گشتی سەرمایەداری ئاشکرا بکەن

بەرگری لە مافی مرۆیی قوربانیانی دۆسیەی ئێپستین، لە ڕێڕەوی ڕێکخستنی جەماوەری، هاوپشتی لەگەڵ قوربانیان و خستنە ژێر گوشاری دامەزراوە حکوومی و قەزاییەکانەوە تێدەپەڕێت. تا ئەو کاتەی هەلومەرجی مادیی بەرهەمهێنانی توندوتیژی لەنێو نەچووە، تەنها بە گوشاری بزووتنەوەی جەماوەری لە خوارەوە و لە ڕێگەی پشتیوانی و هاوپشتی لەگەڵ قوربانیانی ئەم دۆسیەیە، دەتوانرێت ڕەچاوکردنی مافەکانیان بەسەر دامودەزگا دەوڵەتییەکاندا بسەپێنرێت

❊❊❊

# بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوە سەربەخۆکان

## بەرزبوونەوەی حەقدەست لە گرەوی خەباتی هەمەلایەنە دژی دەوڵەتی سەرمایەداریدایە

ناڕەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٤٠٤، هاواری تووڕەیی و کاردانەوەیەک بوو بەرانبەر بە سیاسەتی ئابووری و بژێوی ڕژیم و کردەوەی سیاسی دەسەڵاتێک کە هەلومەرجێکی سەخت و کارەساتباری بەسەر جەماوەری چەوساوەدا سەپاندووە. ئەم ناڕەزایەتییانە لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکان و جەللادانی حکوومەتەوە بە گوللە، کوشتار و زیندان وەڵام درایەوە. کۆڵان و شەقامەکانی شارە جیاوازەکانی وڵات، کرانە کوشتارگەی خەڵکی ڕەنجدیتوو و چەوساوە و هەزاران مرۆڤ بەتایبەت لە ڕۆژی ١٨ی بەفرانبار و ڕۆژانی دواتردا، گیانیان لێ ئەستێندرا. هاوتەریب لەگەڵ ئەم کوشتارە بەرفراوانەدا، هەزاران کەسی دیکەش بریندار یان دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندانەکان کران




هاوکات لەگەڵ ئەم ڕاپەڕینە گشتییە، ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەک و ڕەزا پەهلەوی و لایەنگرانی سەڵتەنەت وەک داردەستی ئەوان، هەلپەرستانە دۆخەکەیان بۆ سواربوونی شەپۆلی ئاخێزی جەماوەر و تۆڵەسەندنەوە لە کۆماری ئیسلامی بە لەبار زانی و بە قسەی زل و فریوکارانە و شارلاتانیزمی ترامپ و ڕەزا پەهلەوی، کەشوهەوایەکی گونجاویان بۆ بەرژەوەندی دەستدرێژکارانە و ئیمپریالیستی خۆیان ڕەخساند

دۆخێکی وەها خوێناوی، وێڕای هەژاری و نەبوونی، نەبوونی ئاسایش و ئارامی، نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بێکاری بەرین و بە کورتی نەبوونی «نان و ئازادی»، ژیانی کرێکاران، زەحمەتکێشانی زیاتر لە جاران بەرەو هەڵدێری تەباهی و نەمان بردووە و بارودۆخێکی سەخت و تاقەتپڕووکێنی بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندووە

ڕێک لەم هەلومەرجەدا، خاوەن سەرمایە و دەسەڵاتداران هەمان ئەوانەی خەڵکیان لەبەر داواکاری و ویستە ڕەواکان و داوای "نان و ئازادی" لە شەقامەکاندا خەڵتانی خوێن کرد لە بۆسەدان تا لەم کەشوهەوا ئەمنییە لێڵەدا، لە ڕێگەی دەستوپەیوەند و دامەزراوە دەستکردەکانی خۆیانەوە لە پشت دەرگا داخراوەکان کۆببنەوە و بەسەر سەری ملیۆنان کرێکارەوە، بڕیارە شوومەکانی خۆیان سەبارەت بە لانیکەمی حەقدەست بسەپێنن

بێگومان دەوڵەت، خاوەنکار و سەرمایەداران وەک ساڵانی ڕابردوو لە کۆبوونەوەکانی "شۆرای باڵای کار"دا، هەرگیز بڕیارێکی دروست لە بەرژەوەندیی کرێکاران نادەن؛ چونکە هەرچەندە کرێ نزمتر بێت، قازانجی سەرمایەداران زیاتر هەڵدەکشێت و بازنەی هەژاری لە ژیانی کرێکاراندا فراوانتر دەبێت. قەبارەی سفری کرێکاران پەیوەندییەکی پێچەوانەی لەگەڵ چاوچنۆکی و تەماحی سەرمایەداران هەیە. کرێیەک کە لەژێر هێڵی هەژاریدا بێت، زیاتر لە پێشوو بێمافی ڕەها، ماڵوێرانی و بەدبەختی بەسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاراندا دەسەپێنێت

دەبێ هەر لە ئێستاوە لە بەرانبەر ئەم قازانجپەرستە چەوسێنەرانە و پارێزەرانی سوێندخواردووی سەرمایەدا، بەرەنگاری بکەین و ناڕەزایەتییەکانی بەفرانبار گرێ بدەینەوە بە خەبات بۆ زیادکردنی حەقدەست، مافی پێکهێنانی ڕێکخراو و خۆڕێکخستن، کەمکردنەوەی سەعاتی کار و دژایەتیکردنی کۆمپانیاکانی پەیمانکاری و دابینکردنی هێزی مرۆیی، گەڵاڵەی ڕیزبەندی کارە سەخت و زیانبارەکان و درێژە بەم خەباتە بدەین و ئاستی داواکارییەکانمان بەرزتر بکەینەوە

وریایی و ئاگایی لە دۆخی کار و ژیان، یەکگرتوویی و ڕێکخراوبوونی ئێمە، زامنی بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان و دابینکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارە و گرنگترین هەنگاو دەبێت بۆ گۆڕانکاری ئەرێنی و بەرهەمدار لە دۆخی ئێستادا. دەبێ بۆ داواکارییەکانمان یەکگرتووانە خەبات بکەین و مافی خۆمان لە گەرووی ئەم چەوسێنەرانە دەربێنین کە بە مژینی خوێن و ڕەنجی کرێکاران، سەروەتی ئەفسانەیی پێکدێنن

ئەو حەقدەستە مانگانەیەی کە ئەم تاڵانچییانە، بەبێ پەیوەندی لەگەڵ نوێنەرانی ڕاستەقینە و هەڵبژێردراوی کرێکاران بۆ ئێمەی دیاری دەکەن، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵاوسانی ڕەها و گرانی لەڕادەبەدەری پێداویستییەکانی ژیان، تەنانەت تێچووی هەفتەیەکی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان دابین ناکات. کرێی ئێمە دەبێ لەسەر بنەمای تێچووی ڕاستەقینەی ژیان و هاوتای تێچووی مامناوەندیی خانەوادەیەکی چوار کەسی شارنشین بێت. کرێیەکی وەها دەبێ بتوانێت خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی کرێکاران و مووچەبگیران، لە خۆراک و جلوبەرگ و خانووی گونجاوەوە تا دەستڕاگەیشتنی تەواو بە خوێندن، تەندروستی، دەرمان و خزمەتگوزارییەکان دابین بکات. لە دۆخی ئێستادا، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵاوسانی پێکهاتەیی بەرین و دابەزینی هێزی کڕین، بەرزکردنەوەی ڕاستەقینەی حەقدەست و کرێکان، پێویستییەکی بەپەلە و حەیاتییە

ئەگەر پێشتر دەوترا کەمترین کرێ نابێ لە ٦٠ ملیۆن تمەن کەمتر بێت، لە دۆخی ئێستادا و بە ڕەچاوکردنی هەڵاوسانی

بێسنوور، دابەزینی بەردەوامی توانای کڕین و گرانی ڕۆژانەی کاڵا پێویستەکانی خەڵک، ئەم بڕە پارەیە چیتر وەڵامدەرەوەی کەمترینەکانی ژیانێکی ئاسایی و باویش نییە. ئەم ژمارەیە ئەمڕۆ دەبێ زیاتر لە ٦٠ ملیۆن تمەن بێت (بەپێی داتا ئامارییەکان و بە دانپێدانانی کەسایەتی و دامەزراوە حکوومییەکان، کەمترین کرێ دەبێ نزیکەی ٧٠ ملیۆن تمەن بێت)

ئێمە تەسلیمی ئەو کرێ سووکایەتیپێکەرانە و چەند قات لەژێر هێڵی هەژارییە نابین کە خاوەن سەرمایە و




دەسەڵاتداران دەیانەوێت لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە لە لیژنەی "سێقۆڵی"ی دەوڵەت، خاوەنکار و نوێنەرانی دەستکرد و فەرمایشی کرێکاران بەسەرماندا بیسەپێنن

ئێمەی کرێکاران کە بەرهەمهێنەری سەروەت و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگاین، بە هیوا بە داهاتوویەکی ڕزگار لە کۆیلایەتی، دیلی و ئیستبداد، و بە ئاواتی ژیانێکی شایستە و لێوالێو لە خۆشگوزەرانی و ئازادی، خەبات دەکەین و بە پشتبەستن بە هێزی بەکۆمەڵی خۆمان، بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجە، یەکگرتووانە بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێین

ئێمە هەروەها وێڕای شەرمەزارکردنی سەرکوت، دەستبەسەرکردن و کوشتاری ناڕازییان، خوازیاری ئازادی بێمەرجی سەرجەم زیندانیانی سیاسی و دەستبەسەرکراوانی ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکانین

تەنیا ڕێگەی بەرگری لە مافی کرێکاران، خۆڕێکخستنی سەربەخۆ، هاوپشتی چینایەتی و ڕێکخراوبوونی سەرتاسەرییە

با یەک بگرین، ڕێکخراو بین و چارەنووسی خۆمان بگۆڕین!

١٩ی ڕێبەندانی ١٤٠٤

**سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری هەفتتەپە**

**کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان**

**کرێکارانی خانەنشینکراوی خوزستان**

**گرووپی یەکێتیی خانەنشینان**

❊❊❊

# دیاریکردنی لانیکەمی هەقدەستی کرێکاران
# لە کەشوهەوایەکی لێوالێو لە تووڕەیی و ناڕەزایەتی دژی تاوانە دژەمرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی

باسی زیادکردنی هەقدەست و کرێ لە کۆماری ئیسلامیدا هەموو ساڵێک لەم کاتانەدا و هاوکات لەگەڵ پێشکەشکردنی پڕۆژەیاسای بودجە دێتە گۆڕێ. ئەمساڵیش باسی دیاریکردنی هەقدەستی ساڵی داهاتوو، لە کەشێکدا دەکرێت کە لێوالێوە لە تووڕەیی و بێزاری و ناڕەزایەتی دژی تاوانە دژە-مرۆییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەخوێنکێشانی ڕاپەڕینی مانگی بەفرانبار و لەژێر سێبەری هەڕەشەکانی شەڕدا کە کەمتاکورت ئاشکرا کراون. ڕۆژی شەممە ١٨ی ڕێبەندان، هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێران "ئیسنا" ڕایگەیاند کە: "دەوڵەت لە پڕۆژەیاسای بودجەی ساڵی ١٤٠٥دا، بەتەمایە مووچە و هەقدەستەکان لە ٢٣ تا ٤٢ لەسەد زیاد بکات". بەم پێیە لانیکەمی مووچە و کرێ لە ساڵی داهاتوودا، لە ١٣ ملیۆنەوە بۆ ١٨ ملیۆن و ٦٥٩ هەزار تمەن بەرز دەبێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ڕۆژی هەینی ١٧ی ڕێبەندان، وتەبێژی ستادی بودجە ڕایگەیاند کە: "لانیکەمی مووچە و هەقدەست لە ساڵی داهاتوودا ٤٣ لەسەد زیاد دەکرێت". هەڵبەت ئەم بڕە لە زیادکردنەش لە کاتێکدا دەبێت کە لایەحەی پێشنیارکراوی دەوڵەت، هەم لە پەسەندکردنی ئاشکرای مەجلیس و هەم لە پەسەندکردنی شورای نیگەبانی یاسای بنەڕەتی تێپەڕێت و لەگەڵیدا موافقەت بکەن

ئەو فێڵ و تەڵەکەیەی کە کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە لە پێوەندی لەگەڵ دیاریکردنی کرێ و هەقدەستەکان و بە ئاراستەی هەرزانکردنی هێزی کار بەکاری دەهێنێت، پێکهێنانی کۆمیسیۆنی سێلایەنەیە کە لە نوێنەری خاوەنکار، نوێنەری دەوڵەت و "نوێنەری کرێکاران" پێکهاتووە. بێگومان ئەو کەسەش کە بەناو وەک نوێنەری کرێکاران لەم کۆمیسیۆنەدا دیاری دەکرێت، خۆی سەر بە ڕێژیمە و هاوشان لەگەڵ نوێنەری دەوڵەت، لە قازانج و بەرژەوەندیی خاوەنکاران و سەرمایەداران بەرگری دەکات نەک کرێکاران. بەڵام ئەمساڵ گرفتە بنەڕەتییەکە بۆ ڕژیم، دۆخی شپرزەی ئابووری کۆماری ئیسلامییە. ئەمساڵ دەوڵەتی پزیشکیان ڕووبەڕووی کەمبوونی توندی سەرچاوەی دراوی و دارایی و گەورەترین کورتهێنانی بودجە لە مێژووی  کۆماری ئیسلامیدا بووەتەوە. تیمی ئابووریی دەوڵەت ئەمساڵ بۆ دابینکردنی بەشێک لە کورتهێنانی بودجە، لە لایەکەوە مالیات و باجەکانی زیاتر بەرز کردووەتەوە و لە لایەکی دیکەوە دراوی تەرجیحی (دۆلاری ٢٨ هەزار و پێنج سەد تمەنی) بۆ هاوردەکردنی خۆراک و پێداویستییە سەرەکییەکانی لابردووە و کاڵا ئەسڵییەکانی جێینیازی ڕۆژانەی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بە دراوی "شناوەر" و بە نرخی ڕۆژی دۆلار هاوردە دەکات و بە هەمان نرخیش دەیداتە خەڵک، کە ئەمەش بۆ خەڵکی هەژار و نەدار بە واتای لابردن و حەزفکردنی بەشێکی دیکە لە مادە سەرەکییەکانی خۆراکە

لابردنی دراوی تەرجیحی، سەرباری فێڵ و تەڵەکەی تیمی ئابووریی دەوڵەتی پزیشکیان کە چەندین مانگ بوو زەمینەسازییان بۆ دەکرد، شۆکێکی گەورەی لە بازاڕ دا. هەنگاوی دەوڵەت بۆ پێدانی یارانەی مانگانەی یەک ملیۆن تمەن (کە بەرابەرە لەگەڵ ٧ دۆلار) بە بنەماڵەکان لە بەرانبەر ڕەهاکردنی بەرزبوونەوەی نرخەکانی بازاڕ، تەنیا خۆڵکردنە چاوی کرێکاران و خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگە بوو. نەبوونی سەقامگیریی نرخەکان لە بازاڕ و بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی دۆلار، بە ڕاپەڕینی ناڕەزایەتیی جەماوەریی ئەم دواییە لە ڕۆژی ٧ی خەزەڵوەر لە بازاڕی تاران وەڵام درایەوە. پەرەسەندن و فراوانبوونی خێرای ناڕەزایەتییەکان کە دەستبەجێ ڕەنگ و بۆی سیاسی بەخۆیەوە گرت، سەدان شاری ئێرانی گرتەوە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی خستە ترس و دڵەڕاوکێی مەرگ و نەمانەوە. پچڕاندنی ئینتەرنێت وتەلەفونی هاووڵاتییان بە ئامانجی پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو تاوانە سامناک و لەپێشدا داڕێژراوەی کوشتوبڕی هەزاران مرۆڤی ناڕازی بە هەڵاوسان و گرانی، هەژاری و برسیەتی لە ماوەی دوو ڕۆژدا، نەیتوانی پێش بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو تاوانانە بگرێت. بێگومان توندکردنەوەی گەمارۆکانی ئەمریکا و ئەورووپا دژی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی مانگی ڕابردوودا، لە هەمان کاتدا دووکەڵەکەی ڕاستەوخۆ دەچێتە چاوی کرێکاران و خەڵکی هەژارەوە و، ژیان و بژێوییان زیاتر لە جاران دەخاتە تەنگانە و مەترسییەوە

لە هەلومەرجێکدا کە ئابووری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر لێواری هەڵدێر و داڕماندایە؛ ڕێژەی هەڵاوسانی خۆراک گەیشتووەتە سەرووی ٦٠ و ٧٠ لەسەد و لە دۆخێکدا کە دابەزینی بەردەوامی بەهای تمەن هیچ توانایەکی کڕینی بۆ خەڵکی نەدار نەهێشتووەتەوە و تێچووی سەبەتەی بژێوی خێزان گەیشتووەتە سەرووی ٦٠ ملیۆن تمەن، دیاریکردنی هەقدەستی ١٨ ملیۆن تمەنی هێشتا سێ هێندە لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەبێت. کەوایە هیچ ئاسۆیەک بۆ باشتربوونی دۆخی ئابووریی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش لە سایەی ئەم ڕێژیمەدا بەدی ناکرێت و سروشتییە کە دۆخێکی وەها بۆ ئەوان هێندە تاقەتپڕووکێن بێت کە تەنانەت توندکردنەوەی سەرکوت و کوشتار و تاوانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیش نەتوانێت ببێتە بەربەست لەبەردەم ناڕەزایەتییەکانیاندا. ئەزموون دەریخستووە کە کۆماری ئیسلامی توانای وەڵامدانەوەی خواست و داخوازییەکانی جەماوەری خەڵکی نییە. سەرەڕای ئەوە، ئەوەی لەم ماوەیەدا ڕووی داوە لە لایەکەوە سەپاندنی گەمارۆی زیاتر و تەعرفەی بازرگانی نێودەوڵەتی دژی کۆماری ئیسلامی بووە کە ڕوو لە زیادبوونە، و لە لایەکی دیکەوە دووپاتبوونەوەی سووڕی "ناڕەزایەتی" لە لایەن کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش، و "سەرکوت" لە لایەن دەسەڵاتی تاوانکار و مایەپووچی کۆماری ئیسلامییەوە بووە. بەم واتایە ڕێژیم مانەوەی خۆی لە پەرەپێدانی سەرکوتکردنی هەر چەشنە جووڵەیەکی ئازادیخوازانە و مافخوازانەدا دەبینێتەوە و، بۆ کرێکاران و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگەش تەنیا ڕێگەی ڕزگاربوون لە دەست ڕێژیمی هار و دڕندەی کۆماری ئیسلامی، درێژەدانە بە مانگرتنە کرێکارییەکان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییە ڕێکخراو و سەرانسەرییەکان و هەوڵدانە بۆ پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرانسەری بە ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستییەوە. پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان و فاکتۆری ڕێکخراوبوون، شکڵدان بە ڕێبەریی سەرانسەری و هەبوونی ئاسۆیەکی ڕوون، لە پێداویستییە حاشاهەڵنەگرەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامین

❊❊❊

# قووڵبوونەوەی بۆشایی نێوان حەقدەست و بژێوی

ڕاگەیاندنی زیادکردنی ٤٣٪ی لانیکەمی حەقدەست و دیاریکردنی سەقفی ١٨.٥ ملیۆن تمەن، لە هەلومەرجێکدا کە تێچووی سەبەتەی بژێوی کرێکاران سنووری ٦٠ ملیۆن تمەنی تێپەڕاندووە، ڕەنگدانەوەیەکی ڕوون و ئاشکرای ئەو لۆژیکەیە کە بەسەر سیاسەتداڕێژیی ئابووریی چینی دەسەڵاتداردا زاڵە. ئەم بڕیارە لە بەستێنێکدا دراوە کە لابردنی دراوی تەرجیحی




٢٨ هەزار و ٥٠٠ تمەنی، شەپۆلێکی تازەی هەڵاوسانی بەسەر کاڵا سەرەکییەکان، خزمەتگوزارییە گشتییەکان و بەتایبەت دەرماندا سەپاندووە. کەلێن و بۆشایی بەرینی نێوان داهاتی هێزی کار و تێچووەکانی بەرهەمهێنانەوەی ژیان، دەری دەخات کە کۆمەڵگا پێی ناوەتە قۆناغێک لە قەیران کە چیتر بە چاکسازیی ڕووکەش و دەرمانی کاتی (موسەکین)، کۆنتڕۆڵ ناکرێت

حەقدەست پاداشتی کار نییە، بەڵکو تێچووی "بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار"ـە. کاتێک لانی کەمی حەقدەست بە شێوەیەکی سیستماتیک نزمتر لە تێچووە پێویستەکانی ژیان دیاری دەکرێت، ئەنجامەکەی شتێک نییە جگە لە داڕمان و سوانەوەی جەستەیی و دەروونی چینی کرێکار. لەم دۆخەدا، هێزی کار ناچار دەکرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە پەنا بۆ کاری زیادەی تاقەتپڕووکێن، کارە نافەرمییەکان یان دەستبەرداربوون لە پێداویستییە سەرەکییەکانی وەک خۆراک و دەرمان و پەروەردە ببات. گۆڕینی مووچەی مانگانە بۆ بڕە پارەیەک کە تەنیا بەشی دە ڕۆژی مانگێک دەکات، دەربڕینی واقعییەتێکی تاڵە: واتە بەرهەمهێنانەوەی هێزی کاریان بەرەو ئاراستەیەک بردووە کە قەرزداری، بێدەرەتانی و زەوتکردنی کەرامەتی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە

لابردنی دراوی تەرجیحی و بەڵێنی گەڕاندنەوەی سەرچاوەکانی بۆ خەڵک، لە کردەوەدا بووەتە هۆی گواستنەوەی تێچووە قورسەکانی قەیران و کورتهێنانی بودجەی دەوڵەت بۆ سەر سفرەی بنەماڵە کرێکارییەکان. بەرزبوونەوەی تێچووی هاوردەکردنی کاڵا و بەرهەمهێنان و دابەشکردن، دەستبەجێ لە نرخی کۆتایی کاڵاکاندا ڕەنگی داوەتەوە و یارانە نەختی و کاڵاییەکانیش -تەنانەت ئەگەر بشدرێن- لە بەرانبەر بازدانی نرخەکاندا کاریگەری خۆیان لە دەست داوە. ئەم سازوکارە، نموونەی "کۆمەڵایەتیکردنەوەی زیان و تایبەتیکردنەوەی قازانجە"؛ شوێنێک کە لۆژیکی کەڵەکەبوونی سەرمایە دەپارێزرێت و تێچووەکانی بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگادا دەسەپێندرێت

قەیرانی دەرمان، خاڵی بەیەکگەیشتنی ڕاستەوخۆی لۆژیکی بازاڕ و ژیانی مرۆڤە. لابردنی دراوی تەرجیحی لەم کەرتەدا، بەرزبوونەوەی نجومی نرخەکان، کەمبوونی پێداویستییەکانی ژیان و پەرەسەندنی بازاڕی ڕەشی لێ کەوتووەتەوە. بۆ ملیۆنان بنەماڵەی کرێکار و زەحمەتکێش، چارەسەری پزیشکی بووەتە هەڵبژاردنێکی بەئازار لە نێوان دانی تێچووە کەمەرشکێنەکان یان قبووڵکردنی نەخۆشی و ڕەنجکێشان. ئەم دۆخە بە ڕوونی نیشانی دەدات کە لە نەزمی ئێستادا، تەندروستی مافێکی گشتی نییە، بەڵکو ئیمتیازێکی چینایەتییە کە بە توانای پارەدان دەپێورێت

هەڵاوسانی ئێستا ناکرێت تەنیا بە شۆکی کاتییەوە گرێ بدرێت. سیاسەتە دارایی و بانکییە ناجێگیرەکان، کورتهێنانە بەردەوامەکانی بودجە و وابەستەیی بە داهاتە نا بەرهەمهێنەرەکان، هەڵاوسانیان کردووەتە تایبەتمەندییەکی پێکهاتەیی (ستراکچەری) ئابووریی ئێران. لابردنی دراوی تەرجیحی، لە جیاتی چاکسازیی ڕیشەیی، بەنزینی کردووە بەم ئاگرەدا. لەم بەستێنەدا، بەرزبوونەوەی ژمارەیی (یان ئێسمیی) حەقدەستەکان بەبێ کۆنتڕۆڵکردنی هەڵاوسانی واقعی، بە خێرایی بێ کاریگەر دەبێت و چەرخەیەکی عەیبدار شکل دەگرێت واتە: بەرزبوونەوەی نرخەکان، چاککردنەوەی ڕووکەشی حەقدەست و دابەزینەوەی توانایی کڕین. دەرەنجامی ئەم چەرخەیە، قووڵبوونەوەی نایەکسانی و توندترکردنی ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتییە

سێبەری شەڕ و گەمارۆکانیش نائەمنی ئابوورییان توندتر کردووەتەوە. هەڕەشە دەرەکییەکان و گەمارۆکان تێچووەکانیان بەرز کردووەتەوە و ئەنجامەکەی فشارێکی دووقاتە بۆ سەر نرخەکان و کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی بەرهەمهێنەر. لەم نێوەندەدا، چینە ژێردەستەکان یەکەمین قوربانین، چونکە توانای بەرگەگرتنی ئەو شۆکانەیان نییە. شەڕ هەمیشە بیانوویەک بووە بۆ ڕاگرتنی داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان و پاساو هێنانەوە بۆ سیاسەتە ڕیازەتییەکان. ڕاپەڕینی مانگی بەفرانبار کە بە خوێن و ئاگر سەرکوت کرا، دەبێ وەک دەربڕینی کۆمەڵایەتیی ناتەبایییە کەڵەکەبووەکان ببینرێت. کاتێک کەناڵە فەرمییەکان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی دادەخرێن، شەقام دەبێتە گۆڕەپانی خستنەڕووی داخوازییەکان. ئەم ناڕەزایەتییانە قووڵایی کەلێنی نێوان بەڵێنەکانی دەوڵەت و واقعی ژیانی خەڵک نیشان دەدەن

دەسەڵاتی حاکم لە چوارچێوەی نەزمی سەرمایەداریدا، لە نێوان پاراستنی لۆژیکی کەڵەکەبوونی سەرمایە و بەڕێوەبردنی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەوڵی هاوسەنگی دەدات. دیاریکردنی حەقدەستێک نزمتر لە تێچووی بژێو، هەڵبژاردنێکی ئاگایانەیە لەپێناو کۆنتڕۆڵی تێچووەکانی سەرمایە و گواستنەوەی بارگرانیی قەیرانەکە بۆ سەرشانی هێزی کار. تەنانەت ئەگەر ئەم سیاسەتانە بە ئەدەبیاتی "یارمەتیدانی توێژە لاوازەکان"ـیش بڕازێندرێنەوە، لە کردەوەدا دەبنە هۆی قووڵکردنەوەی چەوساندنەوە و بەرهەمهێنانەوەی هەژاری. دەرچوون لەم چەرخەیە بەبێ فشاری ڕێکخراوی بزووتنەوەی کرێکاری مومکین نابێت

❋❋❋

**بو بینینی ڕاستەوخۆی**
**تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی**
**-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و**
**کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە**
**بکەن:**

alternative-shorai.tv

# بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

# شـێعر

## "مەحکووم بە ئیعدام"

مەحکووم بە ئیعدام

هیچ شتێکم نیە کە پاش خۆم بە تۆ بگات،

وەسیەتنامەکەم بە خوێنی خۆم نووسیوە.

باوەڕتان بە ئاو هەبێ،

ئەی ئەوانەی گوێ لە ئاوازی من دەگرن!

ئەمجار بە هیوای داهاتوویەکی سەربەرز

لە خوێنی خۆمدا دەتلێمەوە.

لە خەونمدا دڵی زەوی

زۆر گەورەتر بوو لەو خەریتەی کە دەیبینن و

زۆر ڕوونتر لە ئاوێنە و داری سێدارەکەم.

خۆم بە پەڵە هەورێکی سپی سپارد

بۆ ئەوەی بمباتە ئاسمان

هەر وەک پەپووسلێمانەیەک بووم و

با، باڵەکانی من بوون.

بەری بەیانی

دەنگی حەرەسی شەو

خەوی لە چاوم زڕاند

هەر وەها لە خەون و بیرە بیرەکەم.

" تا کاتی مەرگ مەودایەکی تازەت هەیە،

دەتوانی دەستێک بە سەر وەسیەتنامەکەتدا

بهێنیەوە،

جارێکیتر، حوکمی ئیعدامەکەت وەدوا کەوت! "

پرسیم تا کەی؟

وتی: چاوەڕوان بە، بۆ ئەوەی هەموو ساتێک بمری!

وتم، شتێکم لێ بەجێ نامێنێ کە بە تۆ بگات

وەسیەتنامەکەم بە خوێنی خۆم نووسیوە.

باوەڕتان بە ئاو هەبێ

ئەی ئەوانەی گوێ لە ئاوازی من دەگرن!

**ن: مەحمود عەباس**

و: م- ک

❋❋❋




**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

**پێشـــــڕەو**

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**
representative@komala.co

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
٠٠٩٦٤٧٧١٠٢٨٦١٩٣
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧
٠٠٤٦٧٢٩٠٣٠٦٩٦
٠٠٤٥٦٠٩١١٧٨٢
٠٠٤٦٧٣٧١٦٩٧٤٦